https://www.doi.org/10.31918/twejer.1924.13

e-ISSN (2617-0752)    p-ISSN (2617-0744)

# ڕەوشی یاسایی مافەکانی مرۆڤ

## توێژینەوەیەکی مەیدانییە لە شاری هەولێر

م. ئەسرین زرار قادر    پ. ی. د. سەلیم پترۆس ئیلیاس

زانکۆی سەلاحەددین- کۆلێژی ئەدەبیات_ بەشی کۆمەڵناسی

salim.alias@su.edu.krd    asrin.qader@su.edu.krd

**پوختە:**

بەهـۆی گرنگیـی ڕۆڵـی یاسـا لە پاراسـتنی مافەکـانی مـرۆڤ، ئەم توێژینەوەیە تایبەتکراوە بەم بابەتە، بە مەبەستی ڕوونکردنەوەی ڕەوشی یاسـایی مافەکـانی مـرۆڤ لە هەرێمـی کوردسـتان، بە پشتبەسـتن بە تێڕوانینەکـانی جـۆن لـۆک سـەبارەت بە یاسـا لە تیـۆری گرێبەسـتی کۆمەڵایەتیدا. ئەم توێژینەوەیە بەدوای ڕوونکردنەوەی ئەم ئامانجانەوەیە کە بەشـێوەیەکی گشـتی بـریتین لە: چـۆنیەتی جێبەجێکردنـی یاسـا کارپێکراوەکـانی هەرێمـی کوردسـتان و پابەنـدبوون بە پاراسـتنی مافـە بنچینەییـەکانی هاووڵاتییـان، بـەو شـێوەیەی کـە لـە یاسـاکانی هەرێمـی کوردستاندا دەستەبەرکراون. بۆ هێنانەدی ئەم ئامانجانە پشت بە میتۆدی چۆنـایەتی بەسـتراوە لە ڕێگـای بەکارهێنـانی ئامرازەکـانی چـاوپێکەوتن لە جۆری ڕێکخراو، هەروەها شیکاری بابەتی بۆ خستنەڕوو و شـیکردنەوەی زانیـارییە کۆکراوەکـانی توێژینەوەکە بەوەرگرتنی (25) کەسـی شـارەزا و پسپۆڕ لە بواری یاسا و مافەکانی مرۆڤ بە ڕێگای ناهەڕەمەکی لە جۆری نموونەی شـارەزا لە شـاری هەولێر. بە شـێوەیەکی گشـتی ئەنجامەکـانی توێژینەوەکە ئامـاژە بە نەپارێزراویی مافەکانی مرۆڤ دەکەن لە هەرێمی کوردسـتاندا بەهـۆی بـوونی کۆمەڵێـک هۆکـار لەوانە: پابەنـدنەبوونی دەسەڵاتی جێبەجێکردن بە پیادەکردنی پاراستنی مافەکـانی هاووڵاتیـان لە کـاتی جێبەجێکردنـی یاسـاکان، بەهـۆی بـوونی دەسـتتێوەردانی حزبـی لە دەسـەڵاتی دادوەری و دامەزراوە یاسـاییەکانی، ئەمەش دواجـار بە زیـانی پێشێلکاریی بەرانبەر بە مافەکانی هاووڵاتیان بەگشتی و هەندێک توێژی تایبەتی کۆتایی پێدێت.

**وشـە کلیلییەکـان:** یاسـا، یەکسـانی، دادپەروەری، مافەکـانی مـرۆڤ و ئازادی.

## ڕەوشی یاسایی مافەکانی مرۆڤ

## توێژینەوەیەکی مەیدانییە لە شاری هەولێر

### پێشەکی:

لە هەموو وڵاتێکدا یاسا بۆ دەستەبەرکردن و پاراستنی دادپەروەری دادەنرێت. بۆیە لە ڕێی سەروەریی یاساوە مافەکانی مرۆڤ پارێزراو دەبن. یاسا بنەمایەکی گرنگ و بنچینەییە بۆ ڕێکخستنی پەیوەندییەکانی نێوان تاکەکان لە ژیانی کۆمەڵایەتیدا، بۆیە وەک دەرئەنجامێک بۆ وەڵامدانەوەی داواکاری و پێداویستییەکانی خەڵک دانراون. جێی ئاماژەیە بەپێی ڕاسپاردەکانی پرۆسەی (*UPR*_2014) کە بۆ عێراق پێشنیارکراون لە ئەنجومەنی باڵای مافەکانی مرۆڤ لە نەتەوە یەکگرتووەکان لە (جنێف)؛ حکومەتی هەرێمی کوردستان پێشنیارەکانی (7_4)ی پەسندکردوون کە تایبەتن بە گونجاندنی یاساکانی هەرێمی کوردستان لەگەڵ ڕێککەوتننامە کارپێکراوەکانی مافەکانی مرۆڤ (UNAMI, 2014). ئاشکرایە بەتەنها جێگیرکردنی مافەکانی مرۆڤ لە یاسا ناوخۆییەکان بەو شێوەیەی کە لە ڕاگەیەندراو و ڕێککەوتننامە نێودەوڵەتییەکاندا هاتووە، دەستەبەری پاراستنی مافەکانی هاووڵاتییان ناکەن، ئەگەر ویستی دەسەڵاتی جێبەجێکردن و دەسەڵاتی سیاسیی پاڵپشت نەبێت. بە پشتبەستن بە زانیارییە دەستکەوتووەکانی ئەم توێژینەوەیە، لە هەرێمی کوردستاندا یاسا نەبۆتە بنەمایەکی بنچینەیی بۆ ژیان، بۆیە نەتوانراوە بنەمای یەکسانیی هەموان لەبەردەم یاسادا جێبەجێبکرێت، بەواتایەکی تر یاساکان وەک ڕۆتینێکی کارڕاییکردن سەیردەکرێن لەبری ئەوەی بنچینەیەکی سەرەکی بن بۆ ڕێکخستنی ژیانی کۆمەڵایەتی.

**بەشی یەکەم: ڕەهەند و چەمکە سەرەکییەکانی توێژینەوەکە**

**یەکەم/ ڕەهەندەکانی توێژینەوەکە**

**کێشەی توێژینەوەکە**

پرسی یاسا لە ئاستی ناوخۆیی و نێودەوڵەتیدا بابەتێکە جێگای سەرنج و گرنگیپێدانە، بەتایبەتیش لەو وڵاتانەی کە سیستەمی سیاسی دیموکراسی نییە و دەسەڵاتی دادوەری سستە و ڕۆڵی دادگاکان کارا نییە لە پابەندبوون بە یاسا. ڕەوشی یاسایی مافەکانی مرۆڤ لە ئاستێکی باشدا نییە، لەمەشدا دەسەڵاتی جێبەجێکردن لە هەرێمی کوردستاندا بەرپرسە لە کەمتەرخەمیی بەرانبەر بە پاراستنی مافەکانی هاووڵاتیان و جێبەجێکردنی یاساکان وەک خۆیان. پرسی سەرەکیی ئەم توێژینەوەیە دەمانخاتە بەردەم چەند پرسیارێک کە گەڕان بەدوای وەڵامی ئەم پرسیارانە دەمانگەیەنێت بە ئامانجەکانی توێژینەوەکە.

لەم ساڵانەی دواییدا بەجیهانیبوونی مافەکانی مرۆڤ لە ئاستی کۆمەڵگەی نێودەوڵەتیدا، تەنانەت پاراستنیان بۆتە ئامانجێکی سەرەکی لە دەستوور و یاسای وڵاتاندا، بەڵام سروشتی مرۆڤ وایە هەمیشە مەیلی بەلای کۆنترۆڵکردنی دەسەڵات و خراپ بەکارهێنانیەتی، بەتایبەتیش دەسەڵاتی بەڕێوەبردن سوودمەند دەبێت بە زۆرێک لە ماف و جیاوکەکان، ئەمەش جۆرێک مەترسی لەسەر سیستەمی فەرمانڕەوایەتیکردن دروست دەکات. بۆیە لێرەدا بوونی یاساکان کە ماف و ئەرکەکان ڕوونبکەنەوە کارێکی پێویستە (الامین و جیلالي، 2017: 36). ئاشکرایە هەرێمی کوردستان دەستوورێکی تایبەت بەخۆی نییە و هەژمموونی دەسەڵاتی سیاسی بەسەر دەسەڵاتە یاساییەکاندا، جێگای ڕەخنە و هەڵوەستەکردنە. ئەم بارودۆخە نیشانیدەدات کۆمەڵێک ڕێگری هەیە لەبەردەم جێبەجێکردنی یاساکان وەک خۆیان. کەواتە ئەو ئاستەنگ و ڕێگرییانە چین کە وایانکردووە سەروەریی یاسا و پاراستنی مافەکانی

مرۆڤ بکەونە گومانەوە؟ لەوەش زیاتر نەتوانراوە شکۆی مرۆڤ وەک ئادەمییەک بپارێزرێت. دەستوور دەستەبەرێکی یاساییە بۆ دیاریکردنی دەسەڵات و سنووری پەیوەندییەکانی نێوان هاووڵاتیان و ماف و ئەرکەکان. هەرێمی کوردستان لە نەبوونی دەستووردا، هەندێکجار یاسای بێ مەرجەع دەردەکات. ئەمە یەکێکە لە ڕێگرییەکانی پاراستنی مافەکانی مرۆڤ، چونکە ئەو یاسایانەی بێ مەرجەع و بنەمای دەستوورین، دەستەبەری پارێزراویی تەواوی مافی چین و توێژەکانی کۆمەڵگەی کوردستانی ناکەن. بۆیە پێشێلکردنی مافی کەسانێک لە بەرانبەر دابینکردن و پاراستنی مافی کەسانێکی تردا بووە بە ئاکارێکی ئاسایی، نەک تەنها لە نێوان هاووڵاتیان، بەڵکو لە ئاستە باڵاکانی فەرمانڕەوایی و بەڕێوەبردندا بووە بە ئاکارێکی سیاسی. لە لایەکی تر لە هەرێمی کوردستاندا ئەوەندەی پشت بە ڕێنماییەکان دەبەسترێت، بەو ئاستە کار بە یاساکان ناکرێت، ئەمە بۆخۆی سەرچاوەی زۆرێک لە پێشێلکارییەکانی مافەکانی مرۆڤە، چونکە زۆربەی دەقی یاساکان وا داڕێژراون کە تیایدا ڕەچاوی پارێزراویی مافەکان دەکەن، بەڵام ئاستی مرونەتی ڕێنماییەکان بەجۆرێکە بوار بە پێشێلکاری مافەکانی مرۆڤ دەدات.

دەسەڵاتی جێبەجێکردن بەرپرسیارێتییەکی یاسایی بەرانبەر بە پاراستنی مافەکانی مرۆڤ لەئەستۆدایە. بۆیە حکومەتی هەرێمی کوردستان پێویستە لە ئاست ئەو بەرپرسیارێتییە بێت، کەچی ڕەوشی کرداریی مافەکانی مرۆڤ ئەو ڕاستییەمان بۆ دەردەخەن کە حکومەتی هەرێم وەک دەسەڵاتی جێبەجێکاری یاساکان کەمتەرخەمە، ئەمەش هۆکاری ڕاستەوخۆی پێشێلکاریی مافە یاساییەکانی هاووڵاتیانە لە هەرێمی کوردستاندا. یەکێک لە هۆکارەکانی جێبەجێنەکردنی یاساکان وەک خۆیان و وەلانانی سەروەرییەکەی دەگەڕێتەوە بۆ پابەندنەبوونی دەسەڵاتی جێبەجێکردن لە هەرێمی کوردستان بە بنەماکانی یەکسانی و دادپەروەری و هەلی یەکسان لە بەڕێوەبردن و وەرگرتنی پلە و پێگە

کارگێڕییەکان، لە بەرانبەر پێدانی پێگە و ماف و جیاوک بە کەسانێک بەبێ بوونی مەرجی شایستەیی، لێهاتوویی و پسپۆڕی (دەستەی سەربەخۆی مافی مرۆڤ، 2016). گومان لەوەدا نییە جێبەجێکردنی یاساکان پێویستی بە ڕێوشوێنی تایبەت و ڕوونکردنەوەی پێویست هەیە، بەڵام هەندێک لەو یاسایانەی لە هەرێمی کوردستاندا دەرکراون، ڕێوشوێنەکانی جێبەجێکردنیان ڕوون نییە، بۆ نموونە یاسای بەرەنگاربوونەوەی توندوتیژیی خێزانی، ئەمەش دەبێتە هۆکارێک بۆ پێشێلکردنی مافەکانی مرۆڤ.

## گرنگیی توێژینەوەکە

ئەم توێژینەوەیە گرنگیی تایبەتی هەیە لە نێوەندی ئەکادیمیی کۆمەڵناسیی یاساییدا. دەکرێت زانیاری و ڕاسپاردەکانی ببنە هەوێنی باشترکردنی ڕەوشی یاسایی و پاراستنی مافەکانی مرۆڤ لە هەرێمی کوردستاندا. پشتبەستن بە ڕەوشی کۆمەڵایەتی بۆ خستنەڕووی ئاستی جێبەجێکردنی یاساکان و پاراستنی مافەکانی مرۆڤ لە ڕێگای وەرگرتنی بۆچوونی شارەزایان سەبارەت بەم بابەتە، بە بەکارهێنانی میتۆد و ئامرازی زانستی، سەرەڕای دەرئەنجامەکان گرنگیی زانستی دەبەخشنە توێژینەوەکە.

## ئامانجەکانی توێژینەوەکە

1/ ڕوونکردنەوەی چۆنیەتیی جێبەجێکردنی یاسا کارپێکراوەکانی هەرێمی کوردستان.

2/ ڕوونکردنەوەی پابەندبوون بە پاراستنی مافە بنچینەییەکانی هاووڵاتییان، بەو شێوەیەی کە لە یاساکانی هەرێمی کوردستاندا دەستەبەرکراون.

## پرسیارەکانی توێژینەوەکە

هەمیشە کێشەی توێژینەوە دەبێتە هەوێنی دروستبوونی چەند پرسیارێک لە هزری توێژەران. بۆیە ئەو ڕەوشە کردارییەی لە هەرێمی کوردستاندا دەگوزەرێت سەبارەت بە چۆنیەتیی جێبەجێکردنی یاساکان و پرسی پاراستنی مافەکانی مرۆڤ تیایدا، ئەم پرسیارانە لەخۆدەگرن:

1/ ئەو ڕێگرییانە چین کە دێنە بەردەم جێبەجێکردنی یاساکان وەک خۆیان لە هەرێمی کوردستاندا؟

2/ لە کاتێکدا پاراستنی مافەکانی مرۆڤ بەرپرسیارێتیی یاسایی و ئاکاریی حکومەتی هەرێمی کوردستانە، بە چۆن و بە چ شێوازێک ئەو مافانە دەپارێزێت؟

## ئیتیکەکانی توێژینەوەکە

پابەندبوون بە بنەما ئیتیکییەکان ئاستی ڕاستی، جێگیری و بابەتیبوونی توێژینەوەی زانستی دەردەخەن، بۆیە لەم توێژینەوەیەدا بە ئەمانەتەوە سەرچاوەی کتێب، بابەت و بەڵگەنامەکان بەکارهێنراون. هەوڵدەدەین بابەتییانە و دوور لە هەر لایەنگیری و ئینتیمایەکی تایبەتی، خوێندنەوە و لێکدانەوە بۆ ڕەوشی یاسایی مافەکانی مرۆڤ بکەین لە بارودۆخی ئێستای هەرێمی کوردستان و پەنجە لەسەر هۆکاری پێشێلکارییەکان دابنێین بەبێ دوو دڵی و سڵەمینەوە لە هەر هۆکار، کەس و لایەنێک. وەکو ئیتیکێکی تری توێژینەوە بە مەبەستی پاراستنی سەلامەتی گیان و وەک ڕێزێکیش بۆ ئەو متمانەیەی کە یەکەکانی نموونەی توێژینەوەکە بەخشیان لە پێدانی زانیاری و ڕاستییەکانی پەیوەست بە بابەتی توێژینەوەکە، بە ئەرکێکی ئاکاری و بە پێویستییەکی پیشەیی دەزانین کە ناوی ڕاستەقینەیان بە نهێنی و پارێزراوی لە لای خۆمان بهێڵینەوە و تەنها ئاماژە بە پیتی یەکەم و دووەمی ناوەکانیان

بکەیـن هـەروەهـا ڕاسـتگۆیانە ڕاسـتی دەرئەنجامەکـانی ئەم تـوێژینەوەیە دەخەیـنەڕوو بە مەبەسـتی پێـدانی خەسـڵەتی زانسـتی_ بابەتییـانە بە ناوەڕۆکی توێژینەوەکە بەگشتی.

## دووەم/ چەمکە سەرەکییەکانی توێژینەوەکە

### یاسا *Law*

یاسا بریتییە لە ڕێکخەری پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکانی نێوان خەڵک، بەو مانـایەی ژیـانی کـۆمەڵایەتی لەسـەر بنەمـای یاسـایەکی دیـاریکراو و ڕێکخراو بەڕێوەدەچێت. یاسـا بەگشـتی بـریتییە لە پەیوەنـدییە پێویستەکان کە لە سروشـتی بوونەوەرەکـان وەرگیـراوە و هەمـوویـان خـاوەنی یاسـای تـایبەتین (مونتسـکیو،١٩٥٣:١١). کەواتە یاسـا پابەنـدبوونە بە کۆمەڵێـک ڕێسـای گشـتی بـۆ ڕێکخسـتنی ڕەفتـاری مرۆیـی، پاداشـت و سـزا لەخۆدەگرێـت لەلایەن دەسـەڵاتی گشـتی دەوڵەتەوە بە مەبەسـتی جێبەجێکردن و سەرپێچی نەکردن لێی (الجازي،1:2017 ). بەپێی بابەتی ئەم تـوێژینەوەیە پێناسـەی ڕێکاری بـۆ چەمکـی یاسا بـریتییە لە بنەمـای ڕێکخسـتنی ژیـانی کـۆمەڵایەتی، پابەنـدبوون پێی دادپەروەری و مافەکـانی مـرۆڤ دەهێنێـتەدی کە پێویسـتە سـەرۆکایەتی حکـومەتی هەرێمـی کوردستان و دەسەڵاتی سیاسی پێوەی پابەندبن، تا هاووڵاتییان تەواوی مافەکانیان دەستەبەر و پارێزراوبێت.

### 2. مافەکانی مرۆڤ *Human Rights*

مافەکانی مرۆڤ واتە مافە پەیوەستەکان بە کەسایەتی مرۆیی کـە لـە پێشدا مافی هەر تاکێک لـە ژیـان، ئـازادی، ئاسایشـی کەسـی و ڕێزی وەک ئادەمییەک هـەروەهـا وەک هاووڵاتییـەک مافـە مـەدەنی، سیاسـی، ئـابووری، کۆمەڵایـەتی و کلتوورییـەکان دەگرێتـەوە، سـەرەڕای مـافی گـەلان لـە بڕیـاردانی چـارەنووس، ئـازادی، گەشـەپێدان، ئاسـایش و ئاشـتی (خلیفـة،

2013: 14). پێناسـەی ڕێکـاری بـۆ چـەمکی مافـەکانی مـرۆڤ لـەم توێژینەوەیـەدا بـەم شـێوەیە: مافـەکانی مـرۆڤ ئـەو پابەندییـە یاسـاییە نێودەوڵەتییانـەن کـە پێویسـتە لـە لایـەن سـەرۆکایەتی حکومەتی هەرێمی کوردستانەوە، پەرەپێدراو و پارێزراو بن بۆ هاووڵاتییان بە چاوپۆشین لـە جیاوازی نەتـەوە، کلتوور، بیروبـاوەڕ و جێندەر کە دەستەبەربوونی ئەو مافانە بنەمای ڕێزگرتن و بەهاداری مرۆڤ لەسەر هەمووان بسەپێنێت.

## بەشی دووەم: خستنەڕووی ئەدەبیاتی پێشوو و تیۆری توێژینەوەکە

### یەکەم/ خستنەڕووی ئەدەبیاتی پێشوو

### 1.تـوێژینەوەی *آلیـات حمایـة حقـوق الانسـان فـي المنظومـة القانونیـة الجزائریة- دراسة لبعض الحقوق السیاسیة* (خلفة، 2010).

ئەم تـوێژینەوەیە لە ڕێگـای میتـۆدی وەسـفی شـیکارییەوە ڕۆڵـی ڕێوشوێنە یاساییەکان لە بواری پاراستنی مافەکانی مرۆڤ شیکردۆتەوە و بە شـێوازی ڕەخنەیـی، خوێنـدنەوەیەکی ڕەخنەگـرانەی بـۆ ڕەوشـی مافەکانی مرۆڤ لە جەزائیر ئەنجامداوە هەروەها بە بەکارهێنانی میتۆدی لێکـۆڵینەوەی بـار تیشکیخستۆتەسـەر مافەکـانی مـرۆڤ و ڕێوشـوێنەکانی پاراستنی و نموونە جێبەجێکراوەکانی لە جەزائیر، دواتر ئاماژەی کردووە بە پـێگەی مافەکـانی مـرۆڤ لە چـوار دەسـتوور و تیشکخستنەسـەر دەستووری ساڵی (1996) کە فرەیی بەشداری سیاسی دەستەبەردەکات. ئامانجەکانی ئەم توێژینەوەیە ئەمانەن:

- ئەو ڕێوشـوێنانە چـین کە کـار لەسـەر پاراسـتنی مافەکـانی مـرۆڤ دەکەن لە مەنزومەی یاسای جەزائیری؟
- ئایا تێگەیشتن بۆ ڕێوشـوێنەکان واتاکانی (ڕێکاریی و دامەزراوەیی) (حکومی و ناحکومی) دەگرێتەوە؟

- ئایا ئەو ڕێوشوێنانە هاووڵاتیبوون بۆ تاکی جەزائیری بەرجەستەدەکات لە ڕێگای بەشداری سیاسی و مافەکانی؟

لە دەرئەنجامەکانی ئەم توێژینەوەیەدا هاتووە کە بەتەنها بوونی دەستوور و یاساکان دەربارەی پاراستنی مافەکانی مرۆڤ و ئازادییە بنچینەییەکان تاکە دەستەبەر نین، بەڵکو پێویستە ڕێوشوێنە یاساییەکان لەخۆبگرن، لە کاتێکدا بەرپرسیارێتی پاراستنی مافەکانی مرۆڤ دەکەوێتە ئەستۆی حکومەت لە ڕێگای دامەزراوە، ڕێکخراو و دەزگا جیاوازەکان کە ڕۆڵی بونیادنەر دەگێڕن لە باشترکردن و پاراستنی مافەکانی هاووڵاتییان هەروەها یاساکان خاوەنداریێتی ڕێکخستنی ماف و ئازادییەکان بە دەسەڵات دەبەخشن، بەو واتایەی مافەکان بەپێی بارودۆخی نیشتیمانی و ملکەچبوون بۆ دەسەڵاتی دەوڵەت پیادە و بەرجەستە دەکرێن، بەو شێوەیەی کە بە گونجاو دەبینرێن.

## 2. توێژینەوەی PROTECTING HUMAN RIGHTS IN INTERNATIONAL LAW- COMPARATIV STUDY (AL-Amiri,2011)

ئەم توێژینەوەیە لە ڕێگای میتۆدەکانی بەراووردکاری، هەڵسەنگاندنی شیکاری و یاسایی بە پشتبەستن بە دەقە نێودەوڵەتییەکانی تایبەت بە ڕێکخستنی مافەکانی مرۆڤ لەناو بەڵگەنامە و ڕێککەوتننامەکان کە یاسای نێودەوڵەتی جەختی لەسەرکردۆتەوە، هەوڵیداوە ئاستی دەستەبەرکردنی مافەکان لە چوارچێوەی نێودەوڵەتی، هەرێمی و نیشتیمانی بخاتەڕوو، لە ڕێگای ئەم ئامانجانە:

- دەرخستنی هاوسەنگی پاراستنی مافەکانی مرۆڤ لە نێوان یاسای نێودەوڵەتی لە لایەک و ڕۆڵی ڕێکخراوە نێودەوڵەتی و هەرێمییەکان لە لایەکی تر.

- تیشکخستنەسەر ڕێوشوێنە پشتپێبەستراوەکان لە پاراستنی مافەکانی مــرۆڤ بەپێــی ڕێککەوتننــامە و بەڵگەنــامە مۆرکراوەکــانی نەتەوە یەکگرتووەکـان، بەوەی پەرەسـەندنی پەیوەنـدییە نێودەوڵەتییەکـان و دەرکەوتنی ڕێکخـراوە مرۆییەکـان، بنەمـای بەجیهـانبوونی پاراسـتنی مافەکانی مرۆڤی لەسەر هەموو وڵاتان فەرزکردووە.

- جەختکـردنەوە لەسـەر بەجیهـانبوونی مافەکـانی مـرۆڤ و گەیشـتنی مرۆڤ بە مافەکانی لە هەر کوێیەک نیشتەجێیە، لە هەمـوو بارودۆخ، کات و وڵاتێکدا.

لە دەرئەنجامەکانی ئەم توێژینەوەیەدا ئـەوە ڕوون بۆتـەوە کە پرسی مافەکانی مرۆڤ و دانپێدانانەکانی لە ڕێگای دەستوور و یاسـای نـاوخۆیی لە وڵاتێکدا، ڕێز و کارایی پێویستی بۆ دەستەبەر ناکەن ئەگـەر ڕێوشـوێنی پێویسـت بـوونی نـەبێت کـە کـار بـۆ پاراسـتنیان بکـات، پاراسـتن و پیادەکردنیشــیان بەتــەنها لــە دەقێکــی دەســتووری و واژووکردنــی ڕێککەوتننامە و ڕاگەیەندراوە نێودەوڵەتییەکانی تایبەت بە مافەکانی مرۆڤ نابێت، بـەڵکو پیـادەکردنی مـاف و ئازادییـەکان لـە کۆمەڵگەیـەکی ئـازاد و سیسـتەمێکی ئـازاد دەبێـت کـە تیایـدا دەسـەڵاتی فـەرمانڕەوایی ملکـەچ و پابەنـدی یاسـا دەبێت هەروەهـا پاراسـتنی سیاسـی، یاسـایی و دادوەریـی مافـەکانی مـرۆڤ لەسـەر ئاسـتی نیشـتیمانی و نێودەوڵەتیـدا پێویسـتییەکی گرنگە کـە دەبێتـە ڕێوشـوێنێکی نێودەوڵـەتی کـارا بۆ پەرەپێدانی مافـەکانی مرۆڤ.

## دووەم/ پوختەی تیۆری توێژینەوەکە و شیکردنەوەی ڕەوشی یاسایی مافەکانی مرۆڤ لە هەرێمی کوردستاندا

هەرچەنـدە تیـۆری گرێبەسـتی کۆمەڵایەتی جۆن لـۆک فراوانە و زۆر بـابەت لەخۆدەگرێـت، هەر لە مـافە سروشـتی و مەدەنییەکـانی مـرۆڤ تـا یاســا و لێکجیــاکردنەوەی دەســەڵاتەکان، بەڵام بــۆ زیــاتر بەســتنەوەی

تیۆرەکە بە بابەتی تویژینەوەکە تەنها ئەو بەش و برگانە لە تیۆرەکەدا دەخەینە بەرباس و شیکردنەوە کە پەیوەندیدارن بە مافەکانی مرۆڤ، یاسا و جیاکردنەوەی نێوان دەسەڵاتەکان. دواتر شیکردنەوەیەکی بابەتییانە بۆ ڕەوشی یاسایی مافەکانی مرۆڤ لە هەرێمی کوردستان لەژێر ڕۆشنایی تێڕوانینەکانی لۆکدا دەخەینەڕوو.

لۆک لە کتێبی (دوو نامە دەربارەی فەرمانڕەوایەتی- 1690) تێڕوانینەکانی بۆ دۆخی سروشتی، یاسای سروشتی، گرێبەستی کۆمەڵایەتی، چۆنیەتی دروستبوونی دەوڵەت و بونیادنانی کۆمەڵگەی مەدەنی خستۆتەڕوو. لەم بارەیەوە پێیوابوو دۆخی سروشتی یاسایەکی پابەندیی هەیە کە فەرمانڕەوایی دەکات، بۆئەوەی هەمووان پێوەی پابەند بن، چونکە هەموو ئەوانەی ڕەچاوی دەکەن دەزانن بەهۆی ئەوەی کە هەموویان یەکسان و سەربەخۆن، ئەوە نابێت هیچ کەسێک زیان بە ژیانی کەسێکی تر یان تەندروستی و ئازادی یاخود کەلوپەلەکانی بگەیەنێت. ئەو کاتەی مرۆڤ لە دۆخی سروشتیدا سەرپێچی یاسای سروشتی دەکات، ئەوە ڕادەگەیەنێت کە ئەو بەپێی یاسایەکی تر دەژییێت کە جیاوازە لە یاسای عەقڵ و دادپەروەری (Locke, 1967:6,8).

لۆک پێیوابووە، بوونی یاسای سروشتی بەتەنها نەیتوانیوە دەستەبەری گونجانی دۆخی سروشتی لەگەڵ ژیانی مرۆڤ و بەردەوامبوونی بکات، چونکە مرۆڤ بۆ ئەوە دروست نەکراوە بەتەنهایی بژییێت، بەڵکو بەهۆی پابەندییە بەهێزەکان کە لە ناچاریی، قەدەغەکردن و حەزی سروشتییەوە سەرچاوەیان گرتووە، داوایان کردووە تێکەڵ بە کۆمەڵگە ببێت. کۆمەڵگەی سیاسی (مەدەنی) ئەو کاتە دەستەبەر دەبێت کە تاکەکان دەستبەرداری مافە سروشتییەکانیان بن لە بەرانبەر یاسایەکی گشتی و دەسەڵاتێکی دادوەری کە ئەرکی پاراستنی ئەو مافانە و سزادانی سەرپێچیکاران بگرێتەئەستۆ، لە کاتێکدا لە دۆخی سروشتیدا ئەو ئەرکە لە ئەستۆی چەند کەسێک بووە (Locke, 1967:77, 78 ).

بە بۆچوونی لۆک لە دۆخی سروشتیدا تاک ئازادی ڕەهای هەبووە، بە بەردەوامبوونی ئەم دۆخە نەیتوانیوە بەردەوامی بە ژیانی کۆمەڵگە بدات. بۆیە بۆچوونەکانی لەوەدا قووڵکردۆتەوە کە تاکەکان ناتوانن بە شێوەیەکی گونجاو لەگەڵ یەکتریدا بژین بەبێ سنووردارکردنی ئازادییەکانیان و پەیڕەوکردنی ڕێکخستنێکی مەدەنی بۆ کارلێکی ئاشتییانەی نێوانیان کە دەبێتە هۆی کەڵەکەبوونی جۆرێک دەسەڵات لە شێوەی دەوڵەت (Welch,2012:3). بە بۆچوونی لۆک مرۆڤ خاوەنی دوو جۆر ئازادییە، ئازادی سروشتی کە مەبەستی ئازادی مرۆڤە لە هەر جۆرە دەسەڵاتێک و نەکەوتنە بەندی خواستی ئەوانی تر، جۆرەکەی تر ئازادی مەدەنییە کە ئازادی مرۆڤە لە ژیانی کۆمەڵایەتیدا بەو مەرجەی ژێردەستەی هیچ دەسەڵاتێکی تر نەبێت، جگە لەو دەسەڵاتەی کە ڕەزامەندی پێداوە. هەڵبەتە مرۆڤ نەیتوانیوە لەو دوو جۆرە ئازادییە سوودمەند بێت لە یەک کاتدا، بۆیە ئازادییە سروشتییەکەی خۆی بە ئازادی مەدەنی گۆڕیوەتەوە. (جەهانبەگلوو،63:2009)

ناوەڕۆکی گرێبەستی کۆمەڵایەتی بە ڕای لۆک ڕێککەوتنی واژووکراوی نێوان دوو لایەنە، هاووڵاتییان لە لایەک و دەسەڵاتی فەرمانڕەوا (حکومەت) لە لایەکی تر؛ بۆ پێکهێنانی کۆمەڵگەیەکی سیاسی لە پێناو دروستکردنی ڕێکخستنێک کە بتوانێت یاسا پراکتیزە بکات، بە مەبەستی پاراستنی ماف و ئازادییەکانی هاووڵاتییان. ملکەچی کۆمەڵگە بۆ ئەو دەسەڵاتە و پابەندبوون بە بڕگەکانی ڕێککەوتنەکە، حکومەت ناچاردەکات بە پابەندبوون بە دەستەبەرکردنی تەواوی مافەکانی هاووڵاتییان، ئەگەر حکومەت بڕگەکانی گرێبەستە واژووکراوەکەی پێشێلکرد، ئەوە گرێبەستەکە هەڵدەوەشێتەوە و هاووڵاتییان (گەل) مافی ئەوەیان هەیە لایببەن و حکومەتێکی تر دروستبکەن کە پابەندی پاراستن و ڕێزگرتنی مافەکان بێت (Locke, 1967:134, 135). لۆک ڕوونیکردووەتەوە کە پابەندی هاووڵاتییان بۆ پەیڕەویکردنی یاسا تەنها

دەتوانرێت بە ڕەزامەندی کەسی هاوولاتی بۆ دەسەلاتی یاسا بێتەدی. واتە هەولێداوە ڕەوایەتی بە دەسەلاتی دەولەت ببەخشێت، ئەنجامی ئەمەشی لە تیۆری گرێبەستی کۆمەلایەتیدا دەرکەوت کە پاساوەکانی بوونی دەولەت و پابەندی دوو لایەنەی نێوان دەولەت و هاوولاتییانی تێدا خستەڕوو (Dun fee et al, 1999, pp. 14, 33).

لۆک پێداگیری لەوە کردووە کە دەسەلاتی یاسادانان بەتەنها بەرزترین دەسەلاتی دەولەت نییە، بەلکو پیرۆزە و بە هیچ شێوەیەک ناکرێت بگۆڕدرێت لە لایەن ئەو کەسانەی کە کۆمەلگە ئەو ئەرکەیان پێدەسپێرێت. دەسەلاتی بالا ناکرێت ستەمکار و ڕەها بێت لە هەلسوکەوتکردنی لەگەل هاوولاتییانیدا. دەسەلاتی یاسایی تەرخانکراوە لە پێناو پاراستنی بەرژەوەندیی گشتی کۆمەلگە، پێویستە ڕەچاوی بەندەکانی یاسای سروشتیش بکات. لۆک دەسەلاتی سیاسی (دەولەت)ی دابەشکرد بۆ دەسەلاتەکانی یاسادانان، جێبەجێکردن، یەکێتییەکان و تاجی پاشایەتی. پاساوی پێویستێتی جیاکردنەوەی هەردوو دەسەلاتی یاسادانان و جێبەجێکردنی گەڕاندەوە بۆ دوو هۆکار:

١. هۆکاری کرداری: بەوەی دەسەلاتی جێبەجێکردن پێویستە ئامادەبێت بۆ دەستەبەرکردنی جێبەجێکردنی یاساکان بە بەردەوامی، بەلام دەسەلاتی یاسادانان کە ئەرکەکەی دانانی یاساکانە لە شێوەی ڕێسای گشتی، ئەم ئەرکەش دەکرێت لە ماوەی لێکدابڕاودا ئەنجامبدرێت، بۆیە کارەکەش پێویستی بە ئامادەبوونی بەردەوام نییە، تەنها بەپێی پێویست نەبێت.

٢. هۆکاری دەروونی و تەکنیکی: بەیەکگەیشتنی هەردوو دەسەلات لە یەک دەستدا دەبێتە هۆکاری ستەم و دەسەلاتی ڕەها، چونکە مرۆڤ بە سروشت مەیلی بەلای دەسەلات و خراپ بەکارهێنانیەتی. لە پێناو ڕوونەدانی ئەم بارودۆخەش پێویستە دەسەلات بەسەر زیاتر

له دەستەیەکدا دابەش بکرێت و دەستەکانیش چاودێری یەکتر بکەن و سنووری پابەندییەکانیان دیاریبکەن (Locke, 1967:96, 134).

پێداگیری لۆک دەربارەی یەکسانی تەنها مافە بنچینەییەکانی نەگرتەوە، بەڵکو سەروەری یاسا پرسێکی تری نێو بابەتی یەکسانی بوو کە لە بنەمادا جەختی لەوەکردووەتەوە یاسا ڕێکخەری پەیوەندییەکانی نێوان هاوولاتییان و دەسەڵاتی فەرمانڕەوایە، بەلەبەرچاوگرتنی ئەوەی کە دەسەڵات ئەنجامی ڕێککەوتنی هاوبەشی نێوان هەردوو لایەنە. بە بۆچوونی ئەو کەس ناتوانێت باوەڕ بە ئاین و ئاینزایەکی بەزۆر سەپێنراو بێنێت، بۆیە هەموو ئاین و بیروباوەڕە جیاوازەکان ڕێگەپێدراون. لێبووردەیی لە نێوان ئەو کەسانەی کە ئاینیان جیاوازە، عەقڵ پێی ڕەزامەندە، کێشەکان لە جیاوازی بیر و بۆچوونەکان نییە، کە ئاینەکان ناتوانن خۆیانی لێ لابدەن، بەڵکو لە نەبوونی لێبووردەییە بەرانبەر ئەوانەی کە بۆچوونیان جیاوازە. (لۆک,59:2011 )

بەر لە بڵاوبوونەوەی بۆچوونەکانی لۆک و هاوکات لە سەردەمی ئەویشدا، ماف و ئازادییەکان بە یاسایی کراون کە لە دیارترینیان (پەیماننامەی مەزن_*Magna Carta* 1215) (*petition of rights* 1628) و (MARSHALL,1998:568) (قرقور، 74:2010) هەروەها (*Bill of Rights*1689 ) ( :.AL- Aqaileh, N.D 39) بوون. یەکسانی و پاراستنی مرۆڤ لەبەردەم یاسادا بەبێ جیاوازی لە بەندی (7)ی ڕاگەیەندراوی جیهانی بۆ مافەکانی مرۆڤ (1948) جەختی لەسەرکراوەتەوە. (وەزارەتی مافی مرۆڤ، 7:2006) لە مادده (26)ی پەیماننامەی نێودەوڵەتی مافە مەدەنی و سیاسییەکان (1966) هاتووە (تێکڕای خەڵکی یەکسانن لەبەردەم یاسادا و مافی ئەوەیان هەیە یەکسان و پارێزراو بن لە لایەن یاساوە بەبێ جیاوازی ...) ( UNITED NATIONS, 2016:52). لەژێر ڕۆشنایی ئەو بەند و ماددانەدا لە دەستووری عێراقی (2005) لە ماددەی (14)دا (یەکسانی عێراقییەکان

لەبەردەم یاسادا بەبێ جیاوازی...) هەروەها لە ڕەشنووسی دەستووری هەرێمی کوردستان_ عێراقیشدا (2009) لە ماددەی (20) بڕگە (1)دا جەخت لەسەر کراوەتەوە ئەوەی کە (هەموو کەس بەرانبەر بە یاسا یەکسانە).

هەڵبەتە هەر حکومەت یان دەوڵەتێکی یاسایی، ئاساییە بە دەقی یاسایی دیاریکراو تیشکبخاتەسەر سەروەری یاسا و یەکسانی هەمووان لە بەرانبەریدا، ئەو پرسیارانەی کە جێگای هەڵوەستە لەسەرکردنن ئەمانەن: چۆن دەقێکی یاسایی دەخرێتە بواری کردارییەوە؟ جیاوازی هەیە لە نێوان کەسانی ئاسایی و بەرپرسانی حکومی یان حزبی لە جێبەجێکردنی یاسادا؟ ئەگەر یاساکان تەنها بەسەر هاووڵاتییانی ئاساییدا پراکتیزە بکرێن، ڕەوشی ماف و ئازادییەکان چۆن دەبێت؟ لە بارودۆخێکی ئاوادا دەسەڵاتەکانی دادوەری و داواکاری گشتی چۆن سەروەری یاسا و مافەکانی مرۆڤ دەپارێزن؟ لە ڕەوشی یاسایی هەرێمی کوردستاندا دەکرێت تێبینی کەمتەرخەمی و جیاوازیکردن لە جێبەجێکردنی یاساکان لە نێوان چین و توێژەکانی کۆمەڵگە بکرێت، لەبری دادپەروەری و کاراکردنی ئەو سیستەم و دامەزراوانەی ڕێوشوێنی یاسایین بۆ پاراستنی مافەکانی هاووڵاتییان، دەشێت ئەم ڕەوشە ببێتە هۆکاری ئەوەی دەسەڵاتە یاساییەکان متمانە و دڵنیاییان لە لای هاووڵاتییان لەدەستبدەن.

بابەتێکی تر کە لۆک لە تیۆرەکەیدا تیشکی خستۆتەسەر و بنەمایەکە سەروەری یاسا مسۆگەرتر دەکات، بریتییە لە جیاکردنەوەی نێوان دەسەڵاتەکان. بیرۆکەی جیاکردنەوەی نێوان دەسەڵاتەکان، دەگەڕێتەوە بۆ فەلسەفەی سیاسیی یۆنانی کە لە سەرەتادا ڕووخسارێکی سیاسییانەی هەبووە، لەسەر دەستی فەیلەسوفەکانی وەکو ئەفلاتون و ئەرستۆ دەرکەوتووە و دواتر لۆک، ڕۆسۆ و مۆنتیسکیۆ پەرە و گرنگی زیاتریان پێداوە. بەگشتی هەموو بۆچوونەکان لەسەر ئەوە کۆکبوون کە پیادەکردنی ئەم بنەمایە کۆتایی بە دەسەڵاتی ستەم و ڕەها دەهێنێت

(الامین و جیلالی، 17:2017). بنەمای جیاکردنەوەی نێوان دەسەڵاتەکان، کۆڵەگەیەکی گرنگی دەوڵەتی یاسا و کۆمەڵگەی مەدەنییە، هەرکاتێک سنووری نێوان دەسەڵاتەکان ناڕوون و تێکەڵاو بوو، هێزی کۆمەڵگای مەدەنی لاواز و دەوڵەتی یاساش بوونی نابێت، بە پێچەوانەوە دەسەڵاتی سیاسی فەرمانڕەوایی بەهێز دەبێت، لە کاتێکدا کە بنەمای جیاکردنەوەی نێوان دەسەڵاتەکان، دەستەبەرێکی دەستوورییە لە ڕێگایەوە مافەکانی مرۆڤ لە بڕیاری نادادپەروەرانە و دەسەڵاتی سیاسیش لە تاکڕەوی ڕەها دەپارێزن.

پرسی جیاکردنەوەی دەسەڵاتەکان گرنگییەکەی لەوەدایە کە سنووری دەسەڵاتەکان دیاریکراودەبن، لەگەڵ ئەوەی تەواوکەری یەکترن، بەتەنها جیاکردنەوەیان لە ڕووی تیۆری و دەستتێوەردان و تێکەڵاوییان لە کرداردا، سنووری پابەندی ئەرک و بەرپرسیارێتییان بەرانبەر بە یەکتری لەناودەبات، ئەمەش دواجار بە زیانی بەرژەوەندی گشتی کۆتایی دێت، بە واتایەکی تر لەم نێوەندەدا بۆی هەیە مافەکانی مرۆڤ پێشێل و پشتگوێ بخرێن، چونکە دەسەڵاتەکان ناتوانن بە کارایی ڕۆڵی دیاریکراوی خۆیان بگێڕن. لە ماددەی (47)ی دەستووری عێراقی (2005)دا، بنەمای جیاکردنەوەی نێوان دەسەڵاتەکانی یاسادانان، جێبەجێکردن و دادوەری جەختی لەسەرکراوەتەوە، حکومەتی هەرێمی کوردستانیش لە ڕەشنووسی دەستووردا (2009) بە ژمارەیەک ماددە و بڕگە جەختی لەسەر بنەمای جیاکردنەوەی دەسەڵاتەکان و پابەندبوونی یاساییان بە دەستەبەرکردن و پاراستنی مافەکانی مرۆڤ کردۆتەوە بۆ نموونە: ماددەی (39) دەسەڵاتەکانی هەرێمی کوردستانی دابەشکردووە بۆ یاسادانان، جێبەجێکردن و دادوەری. لە ماددە (18) بڕگە (1)دا هاتووە (دەسەڵاتەکانی یاسادانان، جێبەجێکردن و دادوەری پابەندن بە جێبەجێکردن و پیادەکردنی مافە بنچینەییەکانی هاووڵاتییانی هەرێم)

هەروەها ماددەی (19) برگە (4) مافی دادگایەکی دادپەروەر بە هەموو کەسێک دەدات.

بە پشتبەستن بە بنەمای جیاکردنەوەی نێوان دەسەڵاتەکان لە دەستوور و یاسادا، دەکرێت بپرسین چۆن سەربەخۆیی دەسەڵاتی دادوەری لە هەرێمی کوردستاندا دەپارێزرێت؟ دادوەرەکان چۆن دەتوانن بڕیاری سەربەخۆ و بێ لایەنانە بدەن دەربارەی پاراستنی مافەکانی مرۆڤ و ئەو پێشێلکارییانەی بەرانبەر بە هاوولاتییان ئەنجامدەدرێن؟ لە ڕۆڵبینینی ئەرکەکانیان دوچاری چ جۆرە دەستتێوەردانێک دەبنەوە لە لایەن دەسەڵاتەکانی یاسادانان و جێبەجێکردن؟ بە شێوەیەکی گشتی مافەکانی مرۆڤ و ئازادییە گشتییەکان بوونێکی ڕاستەقینە و بەرجەستەکراویان نابێت، ئەگەر سیستەمێکی یاسایی پشتبەستوو بە بنەمای جیاکردنەوەی نێوان دەسەڵاتەکان دەستەبەر نەبێت و بە ڕێوشوێنی یاسایی دیاریکراو پارێزراو نەبێت. کەواتە پێویستێتیی سەربەخۆیی و سنووربەندی لە نێوان سێ دەسەڵاتەکە دەتوانن دەستەبەری ڕاستەقینەی سەروەریی یاسا بهێننەدی، ئەمەش واتە یەکسانی هەموان لەبەردەم یاسادا.

ڕەوشی یاسایی مافەکانی مرۆڤ بەگشتی لە هەرێمی کوردستاندا بەپێی پێویست و لە ئاستی چاوەڕوانییە ناوخۆیی و نێودەوڵەتییەکاندا نییە، بەڵام نابێت چاو لەو ڕاستییە دابخەین کە هەرێمی کوردستان لە بواری یاساییدا بە بەراوورد بە عێراق ژمارەیەک یاسای نوێی دەرکردووە لە بەرژەوەندی مافەکانی هاوولاتییان، سەرەڕای هەمووارکردنی چەندین ماددە و برگە لە یاساکانی عێراقیدا کە لە هەرێمدا کاریان پێدەکرێت بە مەبەستی گونجاندنیان لەگەڵ بارودۆخ و تایبەتمەندییەکانی کۆمەڵگەی کوردستانی، بەڵام لەگەڵ ئەوانەشدا ڕەوشی یاسایی بێ کەموکورتی نییە و دادگاکان لە کاتی جێبەجێکردنی یاساکان و دەرکردنی بڕیارەکاندا ڕووبەڕووی کۆمەڵێک کێشە دەبنەوە لە بواری ڕێوشوێنەکانی

جێبەجێکردن، وێڕای دەستتێوەردانی حزبی و خێڵەکی کە کاریگەریی نەرێنییان هەیە لەسەر بەلاڕێدابردنی ڕێڕەوی یاساکان و ڕەوشی مافەکانی مرۆڤ بەگشتی، لە هەمان کاتیشدا کاتێک پەرلەمانی کوردستان یاسایەک دەردەکات، لایەنە پەیوەندیدارەکان بەدواداچوون ناکەن بۆ دڵنیابوونەوە لەوەی ئاخۆ دەرچوونی ئەم یاسایە کاریگەریی ئەرێنی دروستکردووە لەسەر گۆڕینی هزر و ڕەفتاری هاوولاتییان و کۆمەڵگە یان بە پێچەوانەوە دەرهاوێشتەی نەرێنی لێکەوتۆتەوە بۆ سەر مافەکانی هاوولاتییان بەگشتی؟ لێرەدا بە پێویستی دەزانین چەند نموونەیەک لە پێشێلکاری مافەکانی مرۆڤ و کەموکورتییە یاساییەکان لە نێو یاساکانی هەرێمی کوردستاندا بخەینەڕوو:

١. یاسای ژمارە (4)ی ساڵی (2010)ی تایبەت بە دامەزراندنی دەستەی سەربەخۆیی مافی مرۆڤ، بەهۆی نەبوونی بودجەیەکی سەربەخۆ لە ساڵی (2014)وە هەروەک دامەزراوەیەکی حکومی مامەڵەی لەگەڵدا دەکرێت و لە ڕێگای وەزارەتی داراییەوە بودجەکەی بۆ دابیندەکرێت، لە کاتێکدا ئەمە پێچەوانەی خودی یاساکەیە لە هەمان کاتدا کاریگەریی نەرێنیشی دروستکردووە لەسەر ڕۆڵی لە چاودێریکردنی پێشێلکارییەکانی حکومەت وەک دەسەڵاتی جێبەجێکاری بەرانبەر بە مافەکانی مرۆڤ، سەرەڕای ئەوەی پرسی سەربەخۆبوونی دەستەکەی خستۆتە گومانەوە.

٢. لە دادگاکاندا دواکەوتنی یەکلاکردنەوەی داواکان ڕوودەدات لە قۆناغە جیاجیاکانی دادگاییکردن و بڕیارداندا، وێڕای ئەوەی هەندێکجار هاوولاتییان دەستگیردەکرێن بەبێ ئاگادارکردنەوەی خێزانەکانیان کە بەپێی یاسا دەبێت لە ماوەی (24) کاتژمێردا خێزانەکان لە هۆکار و شوێنی دەستگیرکردنی کەسەکانیان ئاگادار بکرێنەوە.

٣. به دەقی یاسایی هاووڵاتی مافی قەرەبووکردنەوەی هەیە لە حاڵەتی بە هەڵە دەستگیرکردنی بە بڕیاری دادوەری، بەڵام تا ئێستا ئەم مافە بە هاووڵاتییان نەدراوە.

٤. ڕوودانی حاڵەتی هەڵاتن و خۆکوشتن لە نێو زیندانی و دەزگا چاکسازییەکاندا لە ئەنجامی خراپی بارودۆخ و مامەڵەی نامرۆڤانە و ئازار و ئەشکەنجەدان وەک تاکە ڕێگای دانپێدانان بە ئەنجامدانی تاوانەکان لە لایەن دەستگیرکراوانەوە، لە کاتێکدا حکومەتی هەرێمی کوردستان پابەندبوونی خۆی بۆ ڕێککەوتننامەی بەرەنگاربوونەوەی دژی ئەشکەنجەدان دەربڕیوە، ئەمە وێڕای بوونی سزای لە سێدارەدان.

٥. لەگەڵ ئەوەی لە هەرێمدا تەمەنی بەرپرسیارێتی سزایی کراوە بە (11) ساڵ، کەچی لە دەزگاکانی ئاسایش و چاکسازییەکان منداڵی خوارووی ئەو تەمەنە دەستگیردەکرێن.

٦. داواکاری گشتی کە دەبێت دەسەڵاتێکی فراوان و سەربەخۆی هەبێت لە بەرگریکردنی مافەکانی هاووڵاتییان، سەرەڕای کەمکردنەوەی دەسەڵاتەکانیان بەپێی ئەو یاسایەی کاری پێدەکەن، لەبری ئەوەی سەربە دەسەڵاتی دادوەری بن لە ڕووی کارگێڕییەوە، کەچی سەربە وەزارەتی دادن، ئەمەش ڕاستەوخۆ دەسەڵاتیان لە چاودێریکردن و لێپرسینەوەی حکومەت لە بەرانبەر پێشێلکارییەکان بەرتەسکدەکاتەوە.

٧. هەرچەندە بەڕێوەبەرایەتی ڕێکخراوە ناحکومییەکان دامەزراوە هەروەها یاسای ڕێکخستنی دامەزراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی ژمارە (1)ی ساڵی (2011) دەرچووە، بەڵام تا ئێستا ئەم یاسایە لە لایەن وەزارەتی ناوخۆوە جێبەجێدەکرێت (دەستەی سەربەخۆی مافی مرۆڤ،2016،2015).

٨. هەرچەندە سەرۆکایەتییەکانی دەستەی نیازپاکی و چاودێری دارایی و کۆمسیۆنی باڵای سەربەخۆی هەڵبژاردن دامەزراون، بەڵام ناڕوونی و نەگونجانیان لەگەڵ پێوەرە نێودەوڵەتییەکانی تایبەت بەم ئەرکانە، سەرەڕای دەستتێوەردانی سیاسی لە دروستکردنی پێکهاتەی کارگێڕییان، ئەم دەستانەی لە بەرپرسیاریێتی خۆیان دوورخستۆتەوە.

٩. لە یاسای ژمارە (8)ی ساڵی (2011)ی تایبەت بە بەرەنگاربوونەوەی توندوتیژی خیزانی، نەبوونی ڕێنمایی تایبەت بە جێبەجێکردنی یاساکە و ناڕوونی لیژنەکانی ئاشتەوایی، سەرەڕای دروستنەکردنی شوێنی دیاریکراو بۆ دادگای تایبەتمەند، لە کێشە سەرەکییەکانی یاساکەن.

١٠. هەندێک یاسا وێڕای دەرچوونیان ماف و ئازادییەکان بەرتەسک و مەرجدار دەکەن وەک یاسای ژمارە (11)ی ساڵی (2010)ی تایبەت بە ڕێکخستنی خۆپیشاندان کە پێویستی بە وەرگرتنی مۆڵەتە، ئەم مەرجە جگە لەوەی لەبری مۆڵەت دەبێت ئاگادارکردنەوە بێت، لە هەمان کاتدا لەگەڵ هەندێک بارودۆخ و حاڵەتی لەناکاودا ناگونجێت کە پێویستییان بە وەرگرتنی هەڵوێستی خێرای جەماوەریی هەیە.

١١. سەرەڕای هەموارکردنی یاسای باری کەسێتی ژمارە (188)ی ساڵی (1959)ی عێراقی لە ماددەی تایبەت بە فرەژنی هەروەها یاسای سزادانی عێراقی ژمارە (111)ی ساڵی (1969) ماددەی کوشتن لەسەر ئابڕوو، بەڵام ئەم دوو دیاردەیە بەردەوامییان هەیە.

١٢. یاسای ژمارە (11)ی ساڵی (2013)ی تایبەت بە بەدەستهێنانی مافی زانیاری دەرچووە، بەڵام تا ئێستا نەخراوەتە بواری جێبەجێکردنەوە.

١٣. دواخستنی دوو ساڵ لە هەڵبژاردنی پۆستی سەرۆکایەتی هەرێم بە شێوەیەکی نایاسایی کە دەبوو لە هەڵبژاردنی ساڵی (2013)دا ئەنجامبدرابوایە. ئەمە یەکێک بوو لە هۆکارەکانی پەسندنەکردنی دەستوور و دروستبوونی کۆمەڵێک کێشەی یاسایی و سیاسی لە نێوان لایەنە بەشداربووەکانی پەرلەمان.

١٤. پەسندنەکردنی پرۆژەی ڕەشنووسی دەستووری ساڵی (2009)ی هەرێمی کوردستان و ڕەتکردنەوەی یەکجارەکی لە ساڵی (2014)دا بەهۆی ناکۆکییە سیاسییە ناوخۆییەکان و بوونی هەندێک ماددە تیایدا کە پێچەوانەی دەستووری فیدراڵی بوون، سەرەڕای بوونی هۆکاری دەرەکی کە بەربەستیان لەبەردەم هەرێمی کوردستان دروستکرد بۆ ئەوەی نەتوانێت دەستوورەکە بخاتە ڕاپرسییەوە.

١٥. سەرەڕای بوونی ئەنجومەنی دادوەری و پەیمانگای دادوەری لە هەرێم، کەچی پێکهاتەی کارگێڕییان بە پلانی حزبی دادەنرێن، ئەمەش مەترسی دروستکردووە لەسەر سەربەخۆبوونی دەسەڵاتی دادوەری.

١٦. هەرچەندە عێراق ڕێککەوتننامەی مافەکانی منداڵی واژووکردووە، بەڵام ماددەی (14)ی یاساکەی ڕەتکردۆتەوە کە تایبەتە بە مافی بیروڕا و بیروباوەڕی ئاینی، بۆ هەرێمی کوردستانیش بە هەمان شێوەیە.

١٧. سەرەڕای دەرچوونی یاسای ژمارە (22)ی ساڵی (2011)ی تایبەت بە کەمئەندامان و خاوەن پێداویستییە تایبەتەکان، کەچی بەپێی پێویست جێبەجێ ناکرێت و خزمەتگوزاری و ئاسانکارییەکانی ژیان بۆ ئەم چینە تایبەتە دابیننەکراوە (UPR, 2014).

١٨. لە هەرێمی کوردستاندا تا ئێستا کار بە یاسای کاری ژمارە (71)ی ساڵی (1987)ی عێراقی دەکرێت، لە کاتێکدا عێراق خۆی ئەم یاسایەی هەڵوەشاندۆتەوە و لە جێگایدا یاسای ژمارە (37)ی ساڵی (2015)ی دەرکردووە. سەندیکا و یەکێتی سەندیکاکانی کرێکاران کار بە یاسای ڕێکخستنی سەندیکایی ژمارە (152)ی ساڵی (1987)ی عێراقی دەکەن کە بەپێی ئەم یاسایە کار و چالاکییەکانی سەندیکاکانی کرێکاران بە کەرتی تایبەت، تێکەڵاو و هەرەوەزییەوە پەیوەستکراوە، بەمەش سەندیکاکان ناتوانن لە کەرتی گشتیدا چالاکییان هەبێت، بە تایبەتی کە حکومەتی عێراقی بە بڕیاری ژمارە (150)ی هەمان ساڵ ناونیشانی کرێکارانی کەرتی حکومی بۆ فەرمانبەر گۆڕی، بە مەبەستی سستکردنی کاری سەندیکایی و لێکترازاندنی توێژە جیاجیاکانی کرێکاران لە دەوڵەتی عێراقیدا (ڕێکخراوی ئاشتی و ئازادی، 2017).

١٩. دەستووری عێراقی (2005) ماددەی (2) بڕگە (1) حوکمە نەگۆڕەکانی ئاینی ئیسلام دەکاتە بنچینەی دانانی هەر یاسایەک کە پابەندبوونی هەرێمی کوردستانیش بۆ ئەم ماددەیە دەگرێتەوە، بەڵام لە کۆمەڵگەیەکی فرە بیروباوەڕ و ئاینىدا ئەمە بە پێشێلکردنی مافی پێکهاتە ئاینییەکانی تر دادەنرێت.

جێی ئاماژەیە لەکارکەوتنی پەرلەمان بۆ ماوەی دوو ساڵ لە (2015- 2017) پێشێلکردنێکی یاسایی بوو سەبارەت بە مافەکانی مرۆڤ، چونکە پەرلەمان نوێنەری خەڵکە و لەکاروەستانی زیانی بە پڕۆژە خزمەتگوزارییەکانی کۆمەڵگە گەیاند، لەم نێوەندەشدا هاووڵاتییان زۆرترین زیانیان بەرکەوت. ئەوەی پێویستە لە بارودۆخێکی هەستیار و نالەباری ئاوادا بریتییە لە بەلاوەنانی ناکۆکییە ناوخۆییەکان و خستنەپێشەوەی بەرژەوەندییەکانی هاووڵاتییان و نیشتیمان. لەسەر سەرۆکایەتی حکومەتی هەرێمی کوردستان-پێویستە بە ئاگا و وریاتر

هەڵسوکەوت لەگەڵ پرسەکانی تایبەت بە مافەکانی مرۆڤ بکات و زیاتر تیشک بخاتەسەر پابەندییە نێودەوڵەتییەکان بۆ مافەکانی مرۆڤ، لە تەنها دەقێکی ڕووتی نێو یاسا ناوخۆییەکان وەریانبگێڕن بۆ ڕاستی کرداری، چونکە گرتنەبەری ڕێوشوێنی جێبەجێکردنی یاساکان تەواوکەری خودی یاسا هەبووەکانن، هەر ئەمەش دەستەبەری ڕاستەقینەی پتەوکردن و پاراستنی مافەکانی مرۆڤ لە کۆمەڵگەی کوردستانیدا دێننەئاراوە.

## بەشی سێیەم: ڕێکارە مەیدانییەکان و خستنەڕوو و شیکردنەوەی زانیارییەکانی توێژینەوەکە

### یەکەم/ ڕێکارە مەیدانییەکانی توێژینەوەکە

### میتۆدی توێژینەوەکە

تایبەتمەندی و پێویستێتیی بابەتی توێژینەوە جۆری ئەو میتۆدە دەستنیشاندەکەن کە پێویستە بەکاربهێنرێت. توێژینەوە سەبارەت بە ڕەوشی یاسایی مافەکانی مرۆڤ، بابەتێکە پێویستی بە قوڵبوونەوە و شیکردنەوەی وردی ئەو بارودۆخە یاساییە هەیە کە لە هەرێمی کوردستاندا پیادەدەکرێت، بۆ ئەم مەبەستەش میتۆدی چۆنایەتی باشترینە، بۆئەوەی لە ڕێگای زانیارییە چۆنایەتییەکانەوە تێڕامانێکی ورد و بابەتییانە بۆ ڕەوشی یاسایی و چۆنیەتی پاراستنی مافەکانی هاووڵاتییان ئەنجامبدرێت. قسەکردن لەسەر پرسی پارێزراویی مافەکانی مرۆڤ پێویستی بە مشتومڕ و گفتوگۆکردنی ورد و دوورودرێژ هەیە تا لە ڕێگایەوە بتوانین لە تەواوی ڕەهەند و پێشبینی و دەرهاوێشتەکانی ئەم پرسە تێبگەین، بۆیە لەم توێژینەوەیەدا پشت بەم میتۆدە بەستراوە. ئەم میتۆدە پشت بە قوڵبوونەوەی توێژەر دەبەستێت لە شیکردنەوەی بابەتییانەی بابەتی توێژینەوەکە، بە مەبەستی تێگەیشتن لە هۆکار، کاریگەری و شوێنەوارەکانی بە پشتبەستن بە ئامار و داتای وەرگیراو لە واقیعی بابەتەکە. لەم ڕێگایەوە توێژەر دەتوانێ بگات بە وەڵامی ئەو

پرسـیارانەی کە پێویسـتییان بە تێڕامـان و وردبـوونەوە هەیە، بـۆئەوەی بگاتە قوڵایی بابەتەکە و شیکردنەوەیان. کەواتە میتۆدی چۆنـایەتی بـریتییە لە کـۆکردنەوە، شـرۆڤەکردن و شـیکرنەوەی زانیارییەکـان بەمەبەسـتی تێگەیشـتنێکی قـوڵ و گشـتگیر بـۆ دیـاردەیەکی دیـاریکراو، لە ڕێگـای پشتبەسـتن بە ئامرازەکـانی وەک تێبینـی، چـاوپێکەوتن و بەڵگەنامەکـان و هتـد... (العـزاوي، 100,99:2016). بـۆ گەیشـتن بە زانیارییەکـان لەم توێژینەوەیەدا ئامرازی چاوپێکەوتن لە جۆری نیمچە کراوە بەکارهێنراوە، بـۆئەوەی لێتـوێژەر لە وەڵامـی پرسـیارەکانی تـوێژینەوەکە دەرنەچێـت و بەپێی پێویست گفتوگۆ لەسەر بابەتی توێژینەوەکە بکات. بۆ شیکردنەوەی زانیـاری و وەڵامەکـانی نمـوونەی تـوێژینەوەکە ئامرازی شـیکاری بـابەتی بەکـارهێنراوە. بەپێـی ئەم ئـامرازە زانیـارییە نزیـک و لێکچووەکـان دابەشـکراونەتە سـەر تەوەری دیـاریکراو، واتە بە جیـاوازی زانیـاری و بۆچوونەکانی نموونەکە، تەوەرەکانیش جیاوازن. لە ڕێگای خستنەڕووی تێڕوانینەکـانی نمـوونەی تـوێژینەوەکە ئەو هۆکـار و پـاڵنەرانە دەستنیشاندەکەین کە ڕەوشی پاراستنی مافەکانی مرۆڤ لە چوارچێوەی پراکتیزەکردنـی یاسـاییدا دەخەنە گومـانەوە، دواتـر لەژێـر ڕۆشـنایی ئەم بۆچـوون و تێڕوانینـانەدا هەڵسـەنگاندن و شـیکردنەوەیەکی بابەتییـانە بـۆ ڕەوشی یاسایی مافەکانی مرۆڤ لە هەرێمی کوردستاندا ئەنجامدەدەین.

## 2. کۆمەڵگەی توێژینەوەکە

بەو چوارچێـوە دیـاریکراوە دەگوترێـت کـۆمەڵگەی تـوێژینەوە کە تـوێژەر نمـوونەی توێژینەوەکەی تێدا هەڵدەبژێرێت. سنووری کۆمەڵگەی ئەم تـوێژینەوەیە بـریتییە لە سـەنتەری شـاری هەولێـر، بەهـۆی ئەوەی شـوێنی سـەرەکی کـارکردنی یەکەکـانی نمـوونەی تـوێژینەوەکە لە نـاو سـەنتەری شـاری هەولێـرە. کەواتە بـابەتی تـوێژینەوەکە پەیوەسـتە بە پسـپۆڕ و شـارەزایانی بـواری یاسـا و مافەکـانی مـرۆڤ کە نیشـتەجێی شاری هەولێرن وەک کۆمەڵگەی توێژینەوە، بە وەرگرتنی نموونەیەک لە

چەند چینێکی پسپۆڕی_ پیشەیی دیاریکراو، بەپێی تایبەتمەندی و پێویستێتیی بابەتی توێژینەوەکە.

### 3. نموونەی توێژینەوەکە

نموونەی ئەم توێژینەوەیە بەشێوەیەکی نا هەڕەمەکی هەڵبژێردراوە کە لە جۆری (نموونەی شارەزا یان پسپۆڕییە_ *Expert Sampling or Judgment Sampling*). ئەم جۆرە نموونەیە کاتێک بەکاردێت کە توێژەر مەبەستیەتی تێڕوانینی کەسانی شارەزا یان خاوەن بڕوانامەی بەرز لەسەر بابەتی توێژینەوەکە وەربگرێت. کاتێک بەم ڕێگایە ئەم نموونەیە بەکاردێت، ئەوە دەبێتە تەرزێکی لاوەکی بۆ نموونەی مەبەستدار (*Purpusive Sampling*) (Singh,2007:1). یەکەکانی نموونەی ئەم توێژینەوەیە چەند چینێکی جیاواز لەخۆدەگرێت کە پێکدێن لە: (مامۆستایانی زانکۆ لە پسپۆڕییەکانی یاسا و سیاسەت، دادوەران، پارێزەران و ڕاوێژکارانی یاسایی، پەرلەمانتاران، چالاکوانانی ڕێکخراوە ناحکومییە ناوخۆیی و نێودەوڵەتییەکان، ڕۆژنامەنووس و بەرپرسانی حکومی لە بواری مافەکانی مرۆڤ). شارەزایی یەکەکانی نموونەکە لە بواری یاسا و مافەکانی مرۆڤ، دەرفەتی زیاتریان پێدەدات تا بتوانن ڕوونکردنەوەی ورد و پێویست بۆ بابەتی توێژینەوەکە ئەنجامبدەن. ئەو نموونەیەی لەم توێژینەوەیەدا وەرگیراوە لە (25) یەکە پێکهاتووە و لەگەڵ هەر یەکەیان چاوپێکەوتنێکی ڕێکخراو ئەنجامدراوە، بۆ جەختکردنەوە لەسەر وەڵامی تەواوی لێتوێژەران لەسەر هەمان ئەو پرسیارانەی کە ئاراستەیان کراوە بە مەبەستی وەرگرتنی زانیاری و ڕوونکردنەوەی بابەتی توێژینەوەکە بەپێی پێویستیی پرسیارەکان.

## 4. بوارەکانی توێژینەوەکە

**_بواری مرۆیی:** مەبەست لەم بوارە یەکەکانی نموونەی توێژینەوەکەیە کە (25) یەکەن و لە سەرەوە ئاماژەیان پێدراوە.

**_بواری شوێنی:** ئەو شوێنانە دەگرێتەوە کە نموونەی توێژینەوەکەی لێوەرگیراوە کە ئەمانەن: (زانکۆی سەلاحەددین/ هەولێر_ کۆلێژی یاسا و زانستە سیاسییەکان_ بەشەکانی یاسا و سیاسەت، زانکۆی لوبنانی_ فەرەنسی/ هەولێر_ کۆلێژی یاسا و پەیوەندییە نێودەوڵەتییەکان_ بەشی کارگێڕی یاسا، سەرۆکایەتی ئەنجومەنی دادوەری، سەرۆکایەتی داواکاری گشتی، سەندیکای پارێزەرانی کوردستان، سەرۆکایەتی دادگای تێهەڵچوونەوە، لیژنەی مافی مرۆڤی پەرلەمانی کوردستان، یەکێتی پەرلەمانتارانی کوردستان، هەریەک لە ڕێکخراوەکانی ئاشتی و ئازادی، هاوبەندی ڕاهێنەرانی مافی مرۆڤ لە عێراق، فریاکەوتنی میللی، نێردەی نەتەوە یەکگرتووەکان بۆ هاوکاریکردنی عێراق (*UNAMI*)، پرۆگرامی گەشەپێدانی نەتەوە یەکگرتووەکان (*UNDP*)، کۆمسیۆنی باڵای مافی مرۆڤ_ عێراق[1]، سەندیکای ڕۆژنامەنووسانی کوردستان، بەڕێوەبەرایەتی گشتی بەرەنگاربوونەوەی توندوتیژی دژی ئافرەتان، ئەنجومەنی باڵای کاروباری خانمان).

**_بواری کاتی:** ئەو ماوەیە دەگرێتەوە کە تێکڕای لایەنەکانی تیۆری و مەیدانی توێژینەوەکەی تێدا ئەنجامدەرێت. ئەم توێژینەوەیە لە مانگی کانوونی یەکەمی (2018) دەستیپێکردووە و لە مانگی نیسانی (2019) کۆتایی پێهاتووە.

## 5. ئامرازەکانی کۆکردنەوەی زانیارییەکانی توێژینەوەکە

بە ئامانجی کۆکردنەوە و شیکردنەوەی زانیاری ورد دەربارەی بابەتی توێژینەوەکە ئەم ئامرازانە بەکارهێنراون:

**چاوپێکەوتن:** لەم توێژینەوەیەدا چاوپێکەوتنی ڕێکخراو ئەنجامدراوە لەگەڵ لێتوێژەران. ئەم جۆرە چاوپێکەوتنە پێناسە دەکرێت بەوەی بریتییە لە دیاریکردنێکی وردی پێشوەختەی جۆری پرسیارەکان و ڕێکخستنیان کە توێژەر بەهەمان ڕێکخستن و ڕیزبەندی پرسیارەکان ئاڕاستەی هەموو لێتوێژەران دەکات، کە جەختکردنەوە لە وەڵامەکانی لێتوێژەران بۆ هەمان پرسیار توانای بەراووردکردنی نێوان وەڵامەکان بۆ توێژەر بەدیدێنێت (الحسن و الحسني،214,215:1982). بۆ ئەنجامدانی چاوپێکەوتن لەگەڵ نموونەی توێژینەوەکە کە لە (25) یەکە پێکدێن (5) پرسیاری کراوە ئامادەکراوە بۆ وەرگرتنی زانیاری سەبارەت بە بابەتی توێژینەوەکە و لە ڕێگای تۆمارکردنی دەنگییەوە زانیارییەکان کۆکراونەتەوە. سەبارەت بە جۆری پرسیارەکان، هەموو یەکەکانی نموونەکە هەمان پرسیاریان ئاڕاستەکراوە تا بتوانین جیاوازی نێوان بۆچوونەکان دەربخەین سەبارەت بە بابەتی توێژینەوەکە، دواتر لە کۆی بۆچوونە جیاوازەکان هەڵسەنگاندنێک بکەین بۆ ڕەوشی یاسایی مافەکانی مرۆڤ لە هەرێمی کوردستاندا.

**شیکاری بابەتی:** بە ئامانجی خستنەڕوو و شیکردنەوەی ئەو زانیاریيانەی بەدەستهاتوون لە ڕێگای ئەنجامدانی چاوپێکەوتن لەگەڵ نموونەی توێژینەوەکە پشت بە ئامرازی (شیکاری بابەتی) بەستراوە. ئەم ئامرازە لە شیکردنەوەی زانیارییە چۆنایەتییەکان بەکاردەهێنرێت بە مەبەستی ڕێکخستن و دانانی زانیارییەکان لەسەر چەند بابەتێک یان تەوەرەیێکی دیاریکراو دواتر شیکردنەوە و شرۆڤەکردنیان لە پێناو دۆزینەوەی وەڵامی پرسیارەکانی توێژینەوە. شیکاری بابەتی لە ڕێگای

تیشکخستنەسەر بەشە هاوبەشەکان لە نێوان زانیارییەکان دەبێت، بەڵام بابەتە باو و دووبارەکان بە گرنگ دانانرێن یان مانایەکی ئەوتۆ لەخۆناگرن (العدساني،1:2017). دوای ئەنجامدانی چاوپێکەوتنەکان و نووسینەوەی زانیارییەکان و خوێندنەوەیان، بەپێی پرسیارەکانی توێژینەوەکە زانیارییەکان پۆلێنکراون و بەشێکی سەرەکی لە وەڵامەکانی لێتوێژەران خراونەتەڕوو کە پەیوەندی ڕاستەوخۆیان هەبووە بە بابەتی توێژینەوەکە و جۆری ئەو پرسیارەی کە ئاڕاستەیان کراوە. لە دوای خستنەڕووی هەر بەشێکی سەرەکی لە زانیاری و وەڵامەکان، هەوڵدراوە شیکردنەوەیەکی بابەتییانەیان بۆ بکرێت لەژێر ڕۆشنایی تێڕوانینەکانی لێتوێژەران بۆ بابەتی توێژینەوەکە، وێڕای خستنەڕووی ئەنجامێکی گشتگیر سەبارەت بە زانیارییەکان.

**دووەم/ خستنەڕوو وشیکردنەوەی زانیارییەکانی نموونەی توێژینەوەکە**

بۆ ڕوونکردنەوەی وەڵامی پرسیار و ئامانجەکانی ئەم توێژینەوەیە، بەم تەوەرانەی خوارەوە گەیشتووین:

**1. پابەندنەبوون بە جێبەجێکردنی یاساکانی پەیوەست بە مافەکانی مرۆڤ**

جۆن لۆک لە تیۆرەکەیدا پابەندی و ملکەچبوونی مرۆڤ بۆ یاساکان بە هۆکاری مانەوە و پاراستنی ژیانی مرۆیی دادەنێت، لە کاتێکدا دەرچوون لێیان زیان بە ماف و ئازادییەکانیان دەگەیەنێت (Locke, 1967: 6,8). پرسی جێبەجێکردنی یاساکان بە تەواوی و وەک ئەوەی لە ناوەڕۆکی دەقی یاساکاندا هاتووە جێگای ڕەخنەیە، بۆ نموونە: یاسای سزادانی عێراقی و یاسای بنچینەکانی دادگاییکردنی عێراقی کە زیاتر پەیوەستن بە مافەکانی مرۆڤەوە، وەک خۆیان جێبەجێناکرێن. بە گوتەی پارێزەر (ئ.ر) [ ***کاتێک تۆمەتبارێک دەچێتە بەردەم دادگای لێکۆڵینەوە، تۆمەتەکەی شایستەی ئەوەیە بە دەستەبەری ئازاد بکرێت، کەچی لە بەندیخانەدا بە ڕاگیراوی دەهێڵدرێتەوە بۆماوەی (10-20 ) ڕۆژ بە***

***مەبەستی لێکۆڵینەوە، لە کاتێکدا ئەو پرۆسەیە (هەفتەیەک _10-) ڕۆژ دەخایەنێت، تەنانەت لە هەندێک بارودۆخدا بۆماوەی (6) مانگ تۆمەتبار بە ڕاگیراوی دەمێنێتەوە کە ئەمە لە دەسەڵاتی دادوەری لێکۆڵینەوەیە، بەڵام کەیس هەبووە بۆ ماوەی (1 _3) ساڵ ماوەتەوە بێ ئەوەی ڕەوانەی دادگای تایبەتمەند بکرێت*** ]. بۆچوونی ئەم پارێزەرە ئەوە دەردەخات ئەم جۆرە هەڵسوکەوتە لەگەڵ تۆمەتبار هۆکارەکەی هەر چییەک بێت پێشێلکردنی مافی مرۆڤە، چونکە لە لایەک تۆمەتبار هێشتا تۆمەتەکەی نەسەلمێندراوە و لە قۆناغی لێکۆڵینەوەدایە، لە لایەکی تر ماددەکانی هەردوو یاسای ناوبراو ڕێگا بە ئازادکردنی تۆمەتبار دەدەن بە دەستەبەرکردن ئەگەر هاتوو زانرا کەسێکی مەترسیدار نییە و گومانی هەڵاتنی لێناکرێت، تەنها ئەو ماددانە نەبێت کە تایبەتن بە لەسێدارەدان، تیرۆر، مادده هۆشبەرەکان و دزینی دارایی گشتی، بەڵام هێشتنەوەی ئەو ماوە زۆرە بە مەبەستی لێکۆڵینەوە وادەکات زۆرجاران ماوەی ڕاگرتنی تۆمەتبارێک زۆرتر بێت لە ماوەی زیندانیکردنی بەپێی سزای تاوانەکەی، هەروەکو پارێزەر (ف. ق) دەڵێت: [ ***ئەو کەیسانەی لەسەر تاوانی دزینی شتێکی بچووک یان شەڕ و دەمەقاڵێی نێوان دوو کەس، لەگەڵ ئەوەی سزاکەیان قورس نییە، بەڵام ماوەی ڕاگرتنیان زۆرە، ئەگەر بە لێزانی و ویژدانەوە کاربکرێت (70٪)ی بەندکراوانی چاکسازییەکان ئازاد دەبن، کێشەکە لێرەدا لە یاساکە نییە، بەڵکو لە جێبەجێکردنیەتی***].

زۆرێک لە یاسا سزاییەکان کە کاریان پێدەکرێت لەگەڵ پێوەرەکانی مافی مرۆڤدا یەکناگرنەوە. لە تەواوی جیهاندا مافە یاساییەکان بەرەو ئەو ئاڕاستەیە دەڕۆن کە سزای لەسێدارەدان نەمێنێت، بەڵکو لە بری ئەوە کارپێکردن و زیندانی تاهەتایی جێگای بگرێتەوە، چونکە ئامانج لە سزا تەنها دامرکاندنەوە نییە، بەڵکو چاکسازیشە، ئەمە پێوەرێکە بۆ پاراستنی شکۆی مرۆڤ، کەچی لە عێراق و هەرێمی کوردستاندا (لە هەرێمدا ئەم سزایە بە شێوەیەکی کاتی لە ساڵی (2008)ەوە ڕاگیراوە، لەگەڵ ئەوەی

له ساڵی (2016)دا دوو کەیسی لەسێدارەدان بەسەر (4) هاووڵاتیدا جێبەجێکراوە) ئەم یاسایە هێشتا کاری پێدەکرێت. بە گوتەی دادوەر ( ئـ . م) [ ***زۆرێک لە بڕیارەکانی ئەنجومەنی سەرکردایەتی شۆڕش کە ئێستاش بەرکارن سزاکانیان زۆر قورسن و پێویستیان بە هەموارکردن هەیە. بۆ نموونە: ماددەی (456) کە تایبەتە بە تاوانەکانی ئابڕووبردن ڕووننەکراوەتەوە کە ئایا پێوەری ئابڕوو چییە؟ هەروەها لە سزاکەدا بە تاوانبار هاتووە نەک تۆمەتبار، ئەمە پێشێلکردنی مافی مرۆڤە***]. بۆچوونی ئەم دادوەرە ناڕوونی داڕشتن و دەستەواژەکانی نێو هەندێک دەقی یاسای کۆنی عێراقی بە هۆکاری پێشلکاری مافەکانی سزادراوان دادەنێت، وێڕای پێویستێتیی پێداچوونەوەیان.

له یاسای ژمارە (3)ی ساڵی (2006)ی تایبەت بە بەرەنگاربوونەوەی تیرۆر، پێشێلکردنی مافی ژیانی بە ڕوونی تێدا بەدی دەکرێت، هەروەکو پارێزەر و چالاکوان (ش. ص) دەڵێت: [***بۆ پاراستنی مافی ژیانی خەڵک، لەم یاسایەدا سزای لەسێدارەدان دادەنرێت و کۆمەڵێک ڕێکاری دەگیرێتەبەر کە بۆی هەیە بەتەنها گومانکردن لە کەسێک چەندین ساڵ لە زینداندا بهێڵدرێتەوە***]. جارێکی تر لەم بۆچوونەدا ناڕوونی سەلماندنی تاوانەکان وەک هۆکارێک لە پێشێلکردنی مافەکان جەختی لێدەکرێتەوە.

بەگوتەی موقەدەمی مافپەروەر (ژ. ع) [ لە یاسای بەرەنگاربوونەوەی توندوتیژیی خێزانی ژمارە (8)ی ساڵی (2011)دا هاتووە ئەو کەسانەی توندوتیژییان بەرانبەر ئەنجامدەدرێت پێویستە شوێنێک هەبێت بۆ پاراستنیان کە تەنها پەناگەی ئافرەتانمان هەیە، بۆ ئەو منداڵ و پیاوانەی لە نێو خێزاندا توندوتیژییان لەگەڵدا بەکاردێت پەناگەمان نییە، لە کاتێکدا ئەم یاسایە بۆ پاراستنی هەموو ئەندامانی خێزان دانراوە نەک تەنها بۆ ئافرەتان]. ئەم یاسایە بۆتە جێگای تێبینی و ڕەخنەی زۆرێک لە چالاکوانان و پارێزەران سەبارەت بە پرۆسەی بەڕێوەچوونی لێکۆڵینەوە

و بەدواداچوونی کێشە خێزانییەکان لە نێو دادگادا، بەتایبەتی لەوەی کە پەیوەستە بە پاراستنی نهێنی و تایبەتمەندییەکانی نێو خێزان و ناڕوونی بوونی لیژنەی ئاشتەوایی و ئەندامەکانی و سنووری دەسەڵاتەکانیان. بە گوتەی چالاکوان خاتوو (ش. م) [زۆرجار پەرلەمانتاران دەڵێن ئەو ڕۆژەی یاسا لە پەرلەمان دەردەچێت، هەر ئەو ڕۆژە پێویستی بە گۆڕانکاری هەیە]. دەکرێت ئەمە ئاماژەیەک بێت بۆ نەبوونی وردبوونەوە و ڕۆچوون بە نێو وردەکارییەکانی ئەو بابەتەی کە یاسایەکی دیاریکراوی بۆ دەردەچێت، دەشێت کەم ئەزموونی و نەبوونی توانست و بەشداری پێنەکردنی ژمارەیەکی گونجاوی شارەزا و پسپۆڕانی بواری یاسایی بێت لە کاتی دانانی یاساکاندا، تا بتوانرێت یاساکان تەواوی ڕەهەندەکان لەخۆبگرن و تیایاندا ڕەچاوی بنەماکانی مافی مرۆڤیش بکرێت.

هەندێک لە یاسا عێراقییەکان کە لە هەرێمی کوردستاندا بەکاردەهێنرێن بە مەبەستی گونجاندنیان لەگەڵ بارودۆخی تایبەتی هەرێم و داواکارییەکانی بەشێک لە توێژەکانی کۆمەڵگە، هەمواردەکرێنەوە، بەڵام کێشەکە لەوەدایە زۆرجار و بەپێی بەرژەوەندییەکان کار بە یاسا هەموارکراوەکە ناکرێت و دەگەڕێنەوە بۆ یاسای کۆنی عێراقی، ئەمەش دەبێتە هۆکاری پێشێلکردنی مافی کەسانێک لە پێناو ئارەزوو و بەرژەوەندییەکانی کەسانێکی تر. بۆ نموونە: پسپۆڕی یاسایی (م. ی) دەڵێت: [ ***وەکو کەمینەکان زۆر پێویستمان بە جێبەجێکردنی یاسای ژمارە (5)ی ساڵی (2015)ی تایبەت بە پاراستنی مافی کەمینەکان لە هەرێمی کوردستان هەیە، بەڵام جێبەجێ ناکرێت، لە کاتێکدا زیاتر لە (56) پارچە زەویمان لە گوندەکانی (دهۆک) زەوتکراوە لە لایەن کەسانی حزبییەوە، هەرچەندە بڕیاری دادگامان لە لایە، کەچی دادوەر گوتی من بەو یاسایە کارناکەم، بەڵکو یاسای کۆن و باشترمان هەیە***]، لە لایەکی تر چالاکوان خاتوو (پ. ز) دەڵێت: [***لە یاسای هەموارکراوی باری کەسێتیدا مەرجەکانی فرەژنی قورسکراون، کەچی پیاوان لەو ناوچانەی لە ڕووی کارگێڕییەوە***

***لەژێر دەسەڵاتی حکومەتی هەرێمدا نین ژنی دووەم، سێیەم و چوارەم دێنن و دوای هاوسەرگیرییەکە لە دادگاکانی هەرێمدا گرێبەستەکە ئەنجامدەدەن بە سزایەکی سووک کە پێژماردنی برە پارەیەکی کەمە بە یاسای کۆنی عێراقی***].

ئەم بۆچوونانە پێمان دەڵێن پێشێلکردنی مافەکانی مرۆڤ تەنها بۆ پابەندنەبوون بە جێبەجێکردنی یاساکان ناگەڕێتەوە، بەڵکو نەبوونی بەدواداچوونی پێویست لە لایەن دەسەڵاتی جێبەجێکارییەوە لە چۆنیەتی جێبەجێکردن و لەبەرچاوگرتنی شکۆی مرۆڤ لە کاتی جێبەجێکردنی یاسایەکی دیاریکراو، هۆکارێکی تری پێشێلکارییەکانە هەروەها گرتنەبەری سزایەکی سوک بۆ ئەو کەسانەی کە پێشێلکاری بەرانبەر بە مافی کەسانی تر ئەنجامدەدەن، بەردەوامی دەدەنە پێشێلکاری و بێ ڕێزیکردن بە شکۆی مرۆڤایەتی. بۆ نموونە: پارێزەر ( ئـ . ر) دەڵێت: [***یاسای بەرەنگاربوونەوەی توندوتیژیی خێزانی، یاسایەکی نەرمە و ئاسانکاری زۆری لە بەرژەوەندییەکانی پیاو تێدایە و دادوەرەکانیش بەپێی پێویست جێبەجێی ناکەن. کاتێک پیاوێک بەم یاسایە ڕەوانەی دادگا دەکرێت یان پێژماردن دەکرێت یاخود نزیکەی (3_-6) مانگ یان ساڵێک سزادەدرێت، سزاکەش ڕادەگیرێت و بە (60_-70) هەزار دینار پێژماردن ئازاد دەکرێت، کەواتە سزاکە دامرکاندنەوە نییە تا پیاوەکە لێی بترسێت، بۆیە دەبێت سزاکان گونجاوتر بن***].

هەر کاتێک حزب هاتە نێو هەر دامەزراوەیەکەوە، هەوڵدەدات بۆ بەرژەوەندییەکانی خۆی بەکاریبێنێت. دادگاکان وەک دامەزراوەیەکی یاسایی لە هەرێمی کوردستاندا کەوتوونەتە ژێر کاریگەرییەکانی دەستتێوەردانی حزبی، ئەگەر بڕیارەکانی دادگاکانیش یاسایی بن و پێشێلکاری مافەکانی تێدا ڕوونەدات، ئەوە لە دامەزراوە جێبەجێکارییەکان بڕیارە داداگاییەکان وەک خۆیان جێبەجێ ناکرێن. بە گوتەی پسپۆڕی یاسایی (س. د) [***بەهۆی ئەوەی دەسەڵاتی سیاسی لە هەرێمدا بە***

***دامەزراوەیـی نەکـراوە، بەڵکـو دەسـەڵاتێکی حزبـی و کەسـییە، بـۆیە دەستتێوەردانی حزبی ڕۆڵـی هەیە لە جێبەجێ نەکردنی یاساکان بەپێی پێویست***]. لە لایەکی تـر پـارێزەر (ی. ر) دەڵێت: [ ***بـابەتی جێبەجێکردنـی یاساکان بەو ڕادە ڕەشبینییە نییە کە باس دەکرێت، بەڵام بەهۆی بوونی دیـاردەی واسـتەکردن، دەسـتتێوەردانی حزبـی هـاتۆتە نێـو دامەزراوەی یاسـاییەوە***]. لە هەرێمـی کوردسـتاندا حـزب لەبـری ئەوەی دامەزراوەیەک بێـت بـۆ ڕۆشـنبیرکردن و پێگەیانـدنی هـزری و مەعریفـی ئەنـدامەکانی و ئامرازێــک بێــت بــۆ فشــار خستنەســەر حکــومەت لە کــاتی بــوونی پێشـێلکارییەکان، کەچـی بە پـێچەوانەوە بـۆتە ئـامرازێکی کـاریگەر بـۆ پێشێلکردنی مافەکانی مـرۆڤ و دروسـتکردنی ململانێی نەرێنی لە نێوان هاووڵاتییـان لەسـەر بەرژەوەنـدییە تایبەتییەکانیـان. ئەم پەروەردە حـزبییە هۆکـارێکە لە دروســتکردنی کلتــووری بێڕێزیکــردن بە بەهــا و شــکۆی مرۆڤایەتی، تەنانەت هەوڵدان بۆ داڵدەدانیان یان سوککردنی سزای ئەو کەسانەی تاوانێک ئەنجامدەدەن، لەم بارەیەوە پارێزەر ( ئـ . هـ) ئاماژە بۆ ئەوەدەکـات [***خــودی دەســەڵات ڕێــز لە یاســا ناگرێـت. بـۆ نمــوونە: ڕۆژنامەنووسێک، خۆپیشاندەرێک یان مامۆستایەکی ئاینی تیرۆر دەکرێت لە لایەن دەسەڵاتدارێک یان بەرپرسێک، دۆسییەکە بە لاڕێدا دەبردرێت و کەس ناتوانێت قسەی لەسەر بکات، ئەمە پێشێلکردنی مافی مرۆڤە، بۆیە ناتوانین دڵخۆشبین بەو ڕەوشە یاساییەی کە لە هەرێمدا هەیە***]. پسپۆڕی یاسـایی (ک. س) دەڵێت: [ ***یاسـاکان یـان ئەو ڕێنماییـانەی دەردەچـن بـۆ جێبەجێکردنیان ڕەچاوی بنەماکانی مافی مرۆڤی تێدا نەکراوە. بۆ نموونە: پێدانی مووچە، دامەزراندن و وەرگرتنی پێگە باڵاکانی توێژی فەرمانبەران لەسەر بنەمای پیشەیی و توانست نییە، بەڵکو ئینتیمای کەسی و حزبی ڕۆڵی تێدا دەگێڕێت و یاسا وەک ئامرازێک بەکاردەهێنرێت بۆ گرتن و لێپرسینەوە لەو کەسانەی بێ دەسەڵاتن یان نەیاری سیاسین یاخود بۆچوونەکانیان نەگونجاوە لەگەڵ دەسەڵاتی سیاسی، لە دادگایەک بۆ دادگایەکی تر جیاوازی دەکرێت لە نێوان هاووڵاتییان لە جێبەجێکردنی***

***یاسادا***]. ئەم بۆچوونــانە نەک تەنهــا جێبەجێنەکردنــی یاســاکان، بەڵکــو دەســتتێوەردانی حزبــی بە هۆکاریــک دادەنــێن لە جیــاوازیکردن لە نێــوان هاووڵاتییان و بێبەریکردنیان لە مافە ئابووری، سیاسی و یاساییەکانیان.

لە کۆی ئەم بۆچوونانە دەکرێت بڵێین ئەگەر یاسا پابەندبوون بێت بە کۆمەڵێک ڕێسای گشتی بۆ ڕێکخستنی ڕەفتاری مرۆیی هەروەها پاداشت و سزا لەخۆبگرێت بە مەبەستی جێبەجێکردن و سەرپێچی نەکردن لێی، ئەوە پابەندنەبوون بەو یاسایە، واتە جێبەجێ نەکردن و سەرپێچیکردن لە خودی یاساکە، وێڕای ئەو ئەنجامە خراپانەی کە پێشێلکردنی مافەکانی مرۆڤی بەدوادادێت. لۆک پێیوابوو یەکسانی و سەربەخۆیی مرۆڤ لە دۆخی سروشتیدا پابەندیان دەکات بە یاسایەک کە لە سایەیدا ژیان و مافەکانیان پارێزراو دەبێت، سەرپێچیکردنی ئەو یاسایەش نادادپەروەرییە. بۆیە کاتێک حکومەتی هەرێمی کوردستان وەک دەسەڵاتی جێبەجێکاری، یاساکان وەک خۆیان جێبەجێ ناکات، ڕاستەوخۆ مافەکانی مرۆڤ دەکەونە مەترسییەوە، بەتایبەتیش کاتێک دەسەڵاتی سیاسی و دەستتێوەردانی حزبی سنووری دەسەڵاتە یاساییەکان دەشکێنن، ئەوکاتە مافەکانی هاووڵاتیان زیاتر پێشێلدەکرێت. هەروەک ئەنجامی توێژینەوەکەی (خلفة،٢٠١٠) ئەوەی بۆ دەرخستووین کە بەرپرسیارێتی پاراستنی مافەکانی مرۆڤ لە ئەستۆی حکومەتدایە لە ڕێگای دامەزراوە، ڕێکخراو و دەزگا جیاوازەکان کە ڕۆڵی بونیادنەر دەگێڕن لە باشترکردن و پاراستنی مافەکانی هاووڵاتییان هەروەها یاساکان خاوەنداریتی ڕێکخستنی ماف و ئازادییەکان بە دەسەڵات دەبەخشن، بەو واتایەی مافەکان بەپێی بارودۆخی نیشتیمانی و ملکەچبوون بۆ دەسەڵاتی دەوڵەت پیادە و بەرجەستە دەکرێن، بەو شێوەیەی کە بە گونجاو دەبینرێن، بەڵام ئەگەر خودی حکومەت هۆکاری پێشێلکارییەکە بێت، ئەوە بەتەنها بوونی یاساکان ناتوانن دەستەبەری پاراستنی مافەکانی هاووڵاتییان بکەن لە هەرێمی کوردستاندا، ئەگەر دەسەڵاتی یاسادانان کە پەرلەمانی کوردستانە

چاودێری و لێپرسینەوە لە دەسەڵاتی جێبەجێکردن نەکات کە حکومەتی هەرێمی کوردستانە.

## مافە پێشێلکراوەکان لە هەرێمی کوردستاندا

لە ماددەی (6) برگەی (1)ی ڕێککەوتننامەی نێودەوڵەتی مافە مەدەنی و سیاسییەکان (1966) پێویستێتی مرۆڤ بۆ مافی ژیان و پاراستنی بەپێی یاسا جەختی لێکراوەتەوە. (UNITED NATION, 2016:42) بە پشتبەستن بە بۆچوونەکانی نموونەی ئەم توێژینەوەیە چەند مافێکی دیاریکراو دەخەینەڕوو کە لە تێڕوانینی ئەواندا زۆرترین پێشێلکارییان بەرانبەر ئەنجامدەدرێت، بۆ نموونە: ئەو کەسانەی دەستگیردەکرێن تاوانبار بن یان تۆمەتبار وەکو کەسانی تری ئاسایی پێویستییان بە ڕێزگرتن و هەڵسوکەوتی مرۆڤانە هەیە وەک شێوازێک بۆ چاکسازیکردن و دووبارە ئامادەکردنەوەی کەسایەتییان بۆ ناو کۆمەڵگە. ئەوەی تێبینی دەکرێت پرۆسەکانی دەستگیرکردن، لێکۆڵینەوە و دادگاییکردن تەنانەت زیندانیکردن بە شێوازێکی توند بەڕێوەدەچن. دادوەر ( ئـ . م) دەڵێت: [ ***زۆرجار تاوانبار ناتوانێت پارێزەری بەرگریکار دابینبکات کە مافی خۆیەتی هەروەها لە بنکەکانی پۆلیس مافی مرۆڤ پێشێلدەکرێت. بۆ نموونە: نەوجەوانێک کە تاوانێک ئەنجامدەدات بە شێوازێکی ئەوەندە توند فەرمانی دەستگیرکردنەکەی بەسەردا جێبەجێدەکرێت دوچاری شۆک دەبێت، دواتر لە نێو جەنجاڵی و لەبەردەم خەڵکدا دادگایی دەکرێت، ئەمە پێشێلکردنی مافەکانیەتی، لە کاتێکدا بەهۆی هەستیاری تەمەنەکەیەوە پێویستە بەنهێنی دادگایی بکرێت. لە نێو دەزگا چاکسازییەکان تێکەڵکردنی تاوانی گەورە و بچووک و دواکەوتنی بڕیاری یەکلاکەرەوەی دادگاکان لە ماوەی دیاریکراوی خۆی جۆرێکی تری پێشێلکارییە***]. ئەم بۆچوونە ئاماژەیەکە بۆ ئەوەی مافی کەسانی دەستگیرکراو هەر لە سەرەتای دەستگیرکردنیان تا دوا قۆناغی زیندانیکردنیان پێشێلدەکرێت و هەڵسوکەوتی شیاو و مرۆڤانەیان لەگەڵدا ئەنجام نادرێت، هەرچەندە ئەمە

پرسـێکی ڕێـژەییە لە بنکەیەکـی پـۆلیس یـان دادگـایەک یـان دەزگـایەکی چاکســازییەوە بـۆ یەکێکـی تـر جیـاوازە و شـێوازی هەڵسـوکەوتیش لە کەسـێک بـۆ کەسـێکی تـر دەگۆڕێت. سـەبارەت بە پڕۆسـەی لێکـۆڵینەوە پەرلەمانتار (ف. س) دەڵێت [ ***ئاسانترین و باوترین ئامراز بۆ دانپێدانان بە تـاوان کە تـا ئێسـتاش لە دەزگاکـانی ئاسایشـی هەرێـم بەکاردەهێنرێت بریتییە لە ئەشکەنجەدان جا تـاوانەکە هەرچییەک بێت، بەهـۆی نەبوونی ئامرازی پێشکەوتوو هەروەها نەبوونی ڕاهێنانی لێکۆڵەرەوان، پۆلیس و پاســەوانان لە چـۆنیەتی مـامەڵەکردن لەگەڵ تاوانبـار و تۆمەتبـاران***]. هەرچەنــدە حکــومەتی هەرێمــی کوردســتان پابەنــدبوونی خــۆی بــۆ بەرەنگـاربوونەوەی ئەشـکەنجەدان دووپـاتکردۆتەوە، بەڵام بەردەوامبـوون لەسـەر بەکارهێنـانی ئەشـکەنجە وەک تـاکە ئـامرازی دانپێـدانان بە تـاوان، دەکرێــت بەڵــگەیەک بێــت لەســەر پابەنــدنەبوون بە پراکتیزەکردنــی ڕێککەوتننـامەیەکی نێودەوڵەتی، ئەمەش پێشـێلکردنی مافەکـانی مـرۆڤە، لە لایەکی تر بۆی هەیە کەسی دەستگیرکراو لەژێر فشـاری ئەشـکەنجەدا دان بە تاوانێکدا بنێت بەبێ ئەوەی ئەنجامیدابێت.

هەرێمـی کوردسـتان پێکهـاتەیەکی فـرە ئـاینی هەیە و هەم بە یاسـا و هەم بە پراکتیزەکــردن لە ژیــانی کۆمەڵایەتیــدا، هەوڵــدراوە لە نێــوان بیروباوەڕەکـان گوزارشـت لەو جیـاوازییە بکرێـت. هەنـدێک لە پێکهـاتە ئاینییەکان ڕەخنە لەوە دەگرن کە بنەمـای یاسـادانان لە تەواوی عێراق و هەرێمــی کوردســـتاندا بـــریتییە لە شـــەریعەتی ئیســـلامی کە ئەمە لە دەســـتووری عێراقـــی (2005) و ڕەشنووســـی دەســـتووری هەرێمـــی کوردسـتان (2009)دا جەختـی لەسـەرکراوەتەوە و بە پێشـێلکردنی مـافی ئـاینی پێکهاتەکـانی تـری دادەنێن. لەم بـارەیەوە پسـپۆڕی یاسـایی (م. ی) دەڵێــت: [***لە یاســای بــاری کەســێتی وەک کەمیــنەی ئــاینی داوای هەمـوارکردنی مـاددە (17)مـان کـرد کە تـایبەتە بەوەی پیـاوی موسـڵمان بۆی هەیە ئافرەتێک بکات بە هاوسەری خۆی لە هەر ئاینێک بێت، بەڵام***

***ئافرەتی موسڵمان ناتوانێت هاوسەرگیری بکات لەگەڵ پیاوێک لە ئاینی خۆی نەبێت، بەڵام داواکەمان پەسند نەکرا. ئەگەر ئەمە لە ڕووی شەریعەتی ئیسلامی گونجاو بێت بۆ ئاینەکانی مەسیحی و ئێزیدی نەگونجاوە، سەرەڕای ئەوەی بە یاسا ئاینێک لە ئاینێکی تر بە باشتر دادەنێت، ئەمەش جیاوازیکردنە***]. ئەم بۆچوونە ئەوە دەردەخات کە پێکهاتە ئاینییەکان لەپاڵ پیادەکردنی ڕێ و ڕەسم و بۆنە ئاینییەکانیان، داوای بەدەستهێنانی هەندێک مافی یاسایی دەکەن، لە کاتێکدا لە دەستووردا یەکسانی هەموان بە جیاوازییەکانیانەوە جەختی لەسەرکراوەتەوە و پێیانوایە ناکرێت لە بابەتی مافدا پشت بە بنەمای زۆرینە و کەمینە ببەسترێت، چونکە دواجار هەموویان هاوڵاتی یەک کۆمەڵگەن و هەمان مافی وەک یەکیان هەیە.

ئەگەر لە ساڵانی نەوەدەکانی سەدەی بیستەم تاکو ئێستا بەراووردێک بۆ بارودۆخی ئافرەتان بکەین دەربارەی بەدەستهێنانی مافەکانیان و ڕۆڵ و بەشدارییان لە تەواوی بوارەکانی کۆمەڵگەدا، تێبینی گۆڕانکارییەکی ئەرێنی بەرچاو دەکەین. ئێستا ئافرەتان لە هەرێمی کوردستاندا لە پێگە باڵاکانی بەڕێوەبردن و کاروباری سیاسی و پەرلەمانیدا جێ پەنجەیان دیارە، لەگەڵ ئەوەشدا هەست بەوە دەکرێت لە هەندێک هەڵوێستدا کۆهۆش (العقل الجمعي) و بیرکردنەوەی باو دان بە توانا و دەسەڵاتەکانی ئافرەتاندا نانێت، ئەمەش دەبێتە هۆکارێک بۆ پێشێلکردنی مافەکانیان لە لایەن خێزان و کۆمەڵگەوە. بەشێک لە یەکەکانی نموونەی ئەم توێژینەوەیە لەسەر ئەو بۆچوونە کۆکن کە ئافرەتان توێژێکن زۆرترین پێشێلکاری بەرانبەر بە مافەکانیان ئەنجامدەدرێت.

لەم بارەیەوە چالاکوان خاتوو (پ. ز) دەڵێت: [ جیاکاری بەرانبەر بە ئافرەتان پرۆسەیەکی کلتووری- مێژووییە، کاتێک پیاو داهاتی لەدەستبێت دەسەڵاتیشی لەدەستدەبێت، ئەم کلتوورە ئاین، عورف، دابونەریت ڕەوایەتییان پێداوە. ئەگەر هزر و هۆشی ئافرەت تەنها لای ماڵ و منداڵ

بێت، لە ڕووی سیاسی و کۆمەڵایەتیشەوە هۆشیار نابێت. کۆمەڵگەیەک چاوی لە پەرەسەندن و پێشکەوتن بێت، پێویستی بە هەموو تواناکان هەیە]. هەروەها پسپۆڕی یاسایی (س. د) دەڵێت: [ پێکهاتەی کۆمەڵایەتی کۆمەڵگەی کوردستانی، پیاوسالارییە، بۆیە دەسەڵات زیاتر لە دەست پیاوانە. کلتووری باڵادەستی پیاو ڕەنگدانەوەی بەسەر عەقڵیەتی دەسەڵاتی سیاسی و فەلسەفە و شێوازی کارکردنی هەیە]، لە لایەکی تر پەرلەمانتار ( ئـ . م) پێیوایە [دەبێت ئافرەتان لە پرۆسەی سیاسی و پەرلەمانیدا زیاتر بەشدار بن، لەم بوارەدا مافیان لەگەڵ پیاواندا یەکسان نییە]. ئەم بۆچوونانە ئاماژە بە نایەکسانی نێوان ئافرەت و پیاو دەکەن لە ژیانی کۆمەڵایەتی، سیاسی و ئابووریدا، ئەمەش بە هۆکاری پێشێلکاری مافەکانی ئافرەتان دادەنێن. خۆسەلماندن و دەرخستنی تواناکان پێویستی بە بڕیاری یاسایی و سیاسی نییە، بەڵکو ویستی بەهێز و توانای چالاک دەتوانێت لە هەموو بوارێکی کۆمەڵگەییدا جێگای خۆی بکاتەوە، لەبەرئەوە بەشداریکردنی ئافرەتان بە ڕێژەی (30٪)ی کۆتا بە پێی یاسای هەڵبژاردنی پەرلەمانی کوردستان بە پێشێلکردنێکی یاسایی و بەرتەسککردنەوەی مافی سیاسی دادەنرێت. ئەوەی تێبینی دەکرێت لە بوارەکانی کۆمەڵایەتی و ئابووریدا بە بەراوورد بە بوارەکانی تر، ئافرەتان زیاتر مافیان پێشێلدەکرێت، نەبوونی ئازادی کارکردن و داهاتی سەربەخۆ وایکردووە زیاتر لە توێژەکانی تری کۆمەڵگە دوچاری پێشێلکاری و توندوتیژی ببنەوە. موقەدەمی مافپەروەر (ژ. م) دەڵێت: [بەهۆی نەبوونی سەرچاوەی دارایی و ئازادی، ئافرەتان هەموو شتێک پەسند دەکەن، ژێردەست و بێدەسەڵاتن. بەگشتی ئەو ئافرەتانەی توانای ئابوورییان هەیە کەمتر دوچاری توندوتیژی دەبنەوە بە بەراوورد بەوانەی هیچ ئابوورییەکیان نییە هەروەها بە ڕێژەی (70٪)ی سکاڵا و داوا یاساییەکان لە لایەن ئافرەتانەوە بەرزدەکرێنەوە بەرانبەر بە ڕێژەی (30٪)ی پیاوان]. بۆی هەیە مافەکانی ئافرەتان ئەو کاتە زیاتر پێشێلبکرێن کاتێک پێشێلکارییەکە دەچێتە چوارچێوەی یاساییەوە، لەم بارەیەوە پارێزەر ( ئـ .

ر) دەڵێت: [زۆرجار ئافرەتی تەڵاقدراو مافەکانی پێشێلدەکرێت، بەتایبەتی ئەوانەی بێ داهاتن و هۆشیاری یاساییان کەمە سەبارەت بە مافەکانییان دوای تەڵاقدان. لەو حاڵەتەدا پێویستییان بە پارێزەرە لە کاتێکدا هیچ پارێزەرێک بە برە پارەیەکی کەم ئەم جۆرە داوایانە وەرناگرن و بە ڕێژەی (80٪)ی ئافرەتانی تەڵاقدراویش، ژنی ماڵەوەن و داهاتیان نییە، ئەگەر ئەو توانایەشیان هەبێت دوچاری کێشەیەکی تر دەبن، کاتێک بە بڕیار ئەو برە پارەیەی لە پیاوەکانیانەوە بۆیان دەکرێتە ماڵ، ڕاستەوخۆ وەرناگیرێت و بەر لە تەڵاقەکەش زۆربەی پیاوان هەموو موڵکەکانیان دەخەنەسەر ناوی کەسانی تر، کەواتە بەڕێوەبەرایەتی جێبەجێکردن تەنها برە پارەیەکی کەمیان لێوەردەگرێت کە مانگانە دەکاتە (250-_ 100) هەزار دیناری عێراقی، ئەمەش بە پچڕپچڕی دەدەن ]. ئەم بۆچوونە پێشێلکارییەکی یاسایی بە مافەکانی ئافرەتان دەردەخات و پێویستێتی گرتنەبەری ڕێوشوێنی گونجاوتر بۆ گەیشتن بە مافەکانیان دەخاتەڕوو.

چەمکی مافەکانی مرۆڤ واتە مافە پەیوەستەکان بە کەسایەتی مرۆیی، ئەمەش پێمان دەڵێت تەنها مرۆڤبوون، دەستەبەرێکی ڕاستەوخۆیە بۆ بەدەستهێنانی تەواوی مافەکان، بەڵام ئەم ئەنجامانە نیشانی دەدەن پاراستنی مافەکانی مرۆڤ تا ئێستا لە هەرێمی کوردستاندا بەپێی پێویست نییە، وێڕای بوونی چەندین یاسای نوێ بە ئامانجی دەستەبەرکردن و پاراستنی زیاتری مافی چین و توێژە جیاوازەکانی کۆمەڵگەی کوردستانی. پێشێلکردنی مافەکان سەبارەت بە هەندێک توێژی کۆمەڵگە، بەتایبەتی ئافرەتان هەروەها بەکەم سەیرکردن و ڕەتکردنەوەی کەسایەتی ئەوانەی هەڵەیەک یان تاوانێک ئەنجامدەدەن و هەندێک پرسی هەستیاری وەک مافی ئاینی بوونەتە بەشێک لە کلتووری کۆمەڵگەیی، لەوەش زیاتر ئەم مافانە بەپێی یاسا پێشێلدەکرێن. لۆک لە تیۆرەکەیدا ئاماژە بۆ ئەوەدەکات کە کەس ناتوانێت باوەڕ بە ئاین و ئاینزایەکی بەزۆر سەپێنراو بێنێت، بۆیە هەموو ئاین و بیروباوەڕە جیاوازەکان ڕێگەپێدراون. نەبوونی

لێبــووردەیی بەرانــبەر ئەوانــەی کــە بۆچوونیــان جیــاوازە، کێشــە دروستدەکات، نەوەک خودی جیاوازی بیر و بۆچوونەکان. ئەم بۆچوونە پێمــان دەڵێــت ســەپاندنی ئــاینی زۆریــنە بەســەر کەمینــەدا پێشــێلکردنی مافەکانی مرۆڤە، کە لە تەواوی عێراق و هەرێمی کوردستاندا هاووڵاتییان بەپێـی یاسـا بۆیـان هەیە تەنهـا هەردوو ئـاینی ئیسـلام و مەسـیحی لە ناسنامەی شارستانییان تۆمار بکەن، لە کاتێکدا چەندین ئاینی تر هەیە و پەیڕەوکارانی مافی خۆیانە بە یاسا دان بە ناسنامەی ئاینییان بنرێت، لە لایەکـی تـر بنەمـا و حـوکمە نەگۆڕەکـانی ئـاینی ئیسـلام وەک بنەمـای سەرەکی دانانی دەستوور و یاساکان جارێکی تر پێشێلکردنی مافی ئاینی پێکهاتە نەتەوەیی و ئاینییەکانی ترە کە لە عێراق و هەرێمی کوردستاندا نیشتەجێن.

## سێیەم_ پیادەکردنی مافی ئازادی

هەر کاتێـک باسـی مـاف بکرێـت، ڕاسـتەوخۆ چەمکێکـی تـر مانـا و نـاوەڕۆکەکەی ڕوونتـر و تەواوتـر دەکـات کە بـریتییە لە ئـازادی. لـۆک لە تیۆرەکەیدا جەختی لەسەر ئەوە کردۆتەوە کە خەڵکی هەموویان ئازادن لەژێر ڕۆشنایی یاسادا، لە مافی ئازادیشدا یەکسانن. (Locke, 1977:4) لـە دەسـتووری عێراقـی (2005) لـە مـاددەی (15)دا هـاتووە کـە (هـەموو تاکێک مافی ژیان و ئاسایش و ئازادی هەیە). لە ڕەشنووسـی دەسـتووری هــەرێمی کوردســتان_ عێراقـدا (2009) ســەبارەت بە مــافی ئــازادی لە مـاددەی (19) بڕگـەی (2)دا هـاتووە (هـەموو کـەس مـافی ژیـان و ئازادی هەیـە و بە یاسـا نـەبێت هـیچ کـەس لێیـان بێبـەش ناکرێـت یـان بەرتەسـک ناکرێتەوە). ئازادی مـافێکی فرەلایەنـە، بە کۆمـەڵێک کردەوەی جۆراوجۆر گوزارشتی لێدەکرێت، ئەو ئازادییانە بەپێی ماددەی (38) بڕگەکانی (1, 2, 3)ی دەسـتووری عێـراق و مـاددەی (19) بڕگـەکانی (9, 10, 11) لە ڕەشنووسی دەستووری هەرێمی کوردستان_ عێراق، پارێزراو، دەستەبەر و ڕێکخراون بەپێی یاسا بەم شێوەیە:

١. ئازادی ڕادەربڕین، بیروباوەڕ، ئاین و ویژدان.

٢. ئازادی ڕۆژنامەگەری، چاپکردن، ئاگاداری، ڕاگەیاندن، بڵاوکردنەوە و بەدەستهێنانی مافی زانیاری.

٣. ئازادی گردبوونەوە، خۆپیشاندانی هێمنانە و مانگرتن.

جێی ئاماژەیە ئازادی بەدەستهێنانی مافی زانیاری تەنها تایبەتە بە هەرێمی کوردستان، ئەگەرچی تا ئێستا یاساکەی جێبەجێ نەکراوە هەروەها ئازادی مانگرتن لە هیچ بڕگە و ماددەیەکی دەستووری عێراقیدا ڕێگەپێدراو نییە.

دەربارەی پراکتیزەکردنی ئەم ئازادییانە چالاکوان (ع. خ) دەڵێت: [***لە هەرێمی کوردستاندا سەرباری ئەوەی ئازادی کاری مێدیا، بەتایبەتی مێدیای خوێندراو بەپێی یاسا ڕێکخراوە، بەڵام هێشتا ڕۆژنامەنووس دەکوژرێت، دەگیرێت و توندوتیژی بەرانبەر دەکرێت. لە بواری ڕادیۆ و تەلەفزیۆندا کە بە یاسا ڕێکنەخراوە، لایەنەکانی ئاسایش مۆڵەتی فریکوێنسی دەدەن و پێشێکاری زۆر هەیە و مۆڵەتدان بۆتە کارێکی حزبی_ ئاسایشی. لە بواری خۆپیشاندان کە بە یاسا بەربەستی بۆ دروستکراوە، بە دەیان خۆپیشاندان لە شاری هەولێر مۆڵەتیان پێنەدراوە***]، لە لایەکی تر پارێزەر و ڕۆژنامەنووس ( ئـ . ح) ئاماژە بۆ ئەوەدەکات [***لە کوردستاندا میدیای ئازاد بوونی نییە، میدیا ئەو کاتە ئازادە کە پارەی ئازادی هەبێت، نەک دروشمی ئازاد، هەرچەندە لە یاسای ژمارە (35)ی ساڵی (2007)ی کاری ڕۆژنامەگەری هاتووە کە ڕۆژنامەگەری ئازادە، هیچ دەسەڵاتێکی بەسەرەوە نییە تەنها یاسا نەبێت***]. سەبارەت بە ئازادی مافی بەدەستهێنانی زانیاری چالاکوان (ک. م) دەڵێت: [ ***ڕۆژنامەنووسان و میدیاکاران ڕێگرییان لێدەکرێت بۆ گەیشتن بە زانیاری دروست، ئەگەر زانیاری نادروستیش بڵاوبکەنەوە، دوچاری سزا دەبنەوە***]. کۆی ئەم بۆچوونانە لەوەدا کۆکن کە مافی ئازادی ڕادەربڕین

به یاسا بەرتەسککراوەتەوە و پێویستی بە ئازادی زیاتر هەیە. ئەگەر ئازادی مافێکی بنچینەیی و پێکهاتەیەکی جەوهەری بێت سەبارەت بە بوونی مرۆیی، دەپرسین ئاخۆ هاوولاتییانی هەرێمی کوردستان ئازادانە بیر و ڕا جیاوازەکانیان ئاڵوگۆڕدەکەن؟ لەم بارەیەوە پەرلەمانتار (ف. س) دەڵێت: [ ***ئەگەر لە ئاستی دوو مرۆڤ دەستپێبکەین، چەمکی داننان بە یەکتری و پەسندکردن و ئازادی هەریەکەیان لە بۆچوونەکانیان لە بەرنامەیەکی تەلەفزیۆنی یان لە ململانێی نێوان دوو حزب، هەست دەکەین هێشتا نەبۆتە کلتوور من پەسندی بکەم کە تۆ بتوانیت بە ئازادانە بڕیاربدەیت و بیربکەیتەوە***]. ئەم بۆچوونە پێمان دەڵێت ئازادی پرسێکی کلتوورییە، پەیوەستە بە پرۆسەی پەروەردە و پێگەیاندنی کۆمەڵایەتی کۆمەڵگەی کوردستانی، زیاتر لەوەش پەیوەست دەبێت بە تێگەیشتن لە مانای چەمکی مافەکانی مرۆڤ، بە واتایەکی تر ناسین و تێگەیشتنی دروستی مافەکان، دەستەبەری پارێزراوی ئازادی دەکەن، پێچەوانەکەشی ڕاست دەردەچێت، ئەگەر هاوولاتی مافەکانی خۆی نەزانێت، پاراستنی ئازادی ئەوانی تر، لە دیدی ئەودا چ مانایەکی هەیە؟!

کاتێک مرۆڤ بە دروستی مافەکانی خۆی نەناسێت، بۆی هەیە نەتوانێت بە دروستیش پیادەیان بکات. زۆرجار کێشەکانی پەیوەست بە مافی ئازادی لە نەبوونی ئازادییەکە نییە، بەڵکو پەیوەندیدارە بە نەبوونی تێگەیشتنی تەواو لە چەمکی ئازادی، لەم بارەیەوە موقەدەمی مافپەروەر (ژ. م) دەڵێت: [ ***هەندێکجار زیادەڕەوی لە ئازادی دەکرێت، چونکە هەندێک کەس بە شێوەیەکی تر لە ئازادی دەڕوانن و دەستدرێژی دەکەنەسەر ئازادیی ئەوانی تر، لەبەرئەوەی سیستەمێکی ڕێکوپێک نییە کە سزاکان بەپێی پێویست جێبەجی بکات***]. ئەم بۆچوونە ئەم جۆرە حاڵەتە پەیوەست دەکات بە بارودۆخی یاسایی، ناڕوونی یاساکان لە تێڕوانینی هاوولاتییان و جێبەجێ نەکردنیان بە هۆکاری پێشێلکاری مافی ئازادی دادەنێت. ئازادییە گشتییەکان لەگەڵ ئەوەی بنەمای دەستوورین، لە هەمان کاتدا بە

یاساییکراون هەروەها لە یاسای سزادانیش هەموو جۆرە زیادەڕەوی و دەستدرێژییەک بۆ سەر ئازادییەکانی کەسێک، سزای دیاریکراوی خۆی هەیە. سەبارەت بە ناهۆشیاری یاسایی دادوەر (م. ر) دەڵێت: [***کێشەی ئێمە ئەوەیە ڕۆشنبیری یاساییمان نییە، تاکەکەس نازانێت ماددەی یاسایی هەیە و بەرگری لێدەکات تا بچێتە دادگا داوا و سکاڵا تۆماربکات دژی سەرپێچی و پێشێلکارییەکانی کەسانی تر بۆ سەر ئازادییەکانی. کەواتە ئازادییە کەسییەکان بە پلەی یەکەم پەیوەستن بە ڕۆشنبیری کەسەکە بەوەی تا چەند دەزانێت و هەست بە مافەکانی خۆی دەکات، دواتر دەڕواتە دادگا و داوایان دەکات***]. ئەم دادوەرە پێیوایە کێشەی ئازادی لە نەبوونی یاسا یان کەموکورتی سیستەمە یاساییەکان نییە، بەڵکو کێشەکە لە نەزانینی خەڵکە بە ماف و ئازادییەکانیان و چۆنیەتی پاراستن و داواکردنیان بەپێی یاسا. هەر سەبارەت بە تێنەگەیشتن لە چەمک و سنووری ئازادییەکان، پارێزەر ( ئـ . ر) دەڵێت: [***لە ماوەی ڕابردوودا کۆمەڵێک خۆپیشاندان ئەنجامدران، هاوولاتییان ئازادن پیادەی ئەم جۆرە مافەیان بکەن، بەڵام دەبێت ڕۆشنبیرییەکەیان ئەوەندە بەرزبێت کە پێشێلی ئازادیی ئەوانی تر نەکەن، دەبێت بزانن مافی خۆیانە ڕادەرببڕن، بەڵام مافی ئەوەیان نییە ئۆتۆمبێلی خەڵک یان دام و دەزگای حکومی کە موڵکی گشتین بیسووتێنن. دەبێت دامرکاندنەوەی گونجاو هەبێت، زۆرجار ڕەخنەی ئەوەش لە حکومەت دەگیرێت کە دامرکاندنەوەکە زۆر لە سەرپێچییەکە یان پێشێلکردنی ئازادییەکان گەورەترە***]. ئەم پارێزەرە هۆکاری پێشێلکردنی ئازادی هاوولاتییان دەگەڕێنێتەوە بۆ خودی هاوولاتییان کە بەهۆی تێنەگەیشتن و نەزانینی سنووری ئازادییەکانیان دەبنە هۆکاری دروستکردنی پشێوی و دەستدرێژیکردنەسەر مافەکانی یەکتری، وێڕای ئاماژەکردن بە جۆری وەڵامدانەوە و پەرچەکرداری توندی حکومەت بەرانبەر بەو جۆرە گوزارشتکردنە لە ئازادی.

کۆی گشتی ئەم بۆچوونانە ئەو ئەنجامەمان بۆ دەردەخەن بەتەنها ڕێکخستن و دیاریکردنی مافی ئازادی لە دەستوور و یاسادا، دەستەبەری پاراستنی ئەم مافە ناکەن ئەگەر زەمینەی لەبار و هۆشیاری پێویست سەبارەت بە چەمک، مانا و ناوەڕۆکی ئازادی لە لای هاوولاتیان و تەنانەت دەسەلاتیش بوونی نەبێت. ئەنجامی توێژینەوەکەی ( AL-Amiri,2011) ئەوە دەردەخات پاراستن و پیادەکردنی ماف و ئازادییەکان بەتەنها لە دەقێکی دەستووری و واژووکردنی ڕێککەوتننامە و ڕاگەیەندراوە نێودەوڵەتییەکانی تایبەت بە مافەکانی مرۆڤ نابێت، بەڵکو لە کۆمەڵگەیەکی ئازاد و سیستەمێکی ئازاد دەبێت کە تیایدا دەسەلاتی فەرمانڕەوایی ملکەچ و پابەندی یاسا دەبێت.

لۆک لە تیۆرەکەیدا جەخت لەوە دەکاتەوە، مافی ئازادی ڕەها نییە و پێویستی بە ڕێکخستن هەیە، هەر ئەمەش هەوێنی پێکەوەژیان و بەردەوامیدانە بە ژیانی کۆمەلایەتی. ئەم جۆرە سنووربەندییەی ئازادی، تاکەکەس ملکەچی دەسەلاتی یاسا دەکات، ئەمەش بۆخۆی دەستەبەری پاراستنی مافی ئازادی بۆ هەموان دەکات، بەلام هەندێکجار بە هەڵە تێگەیشتن لە چەمکی ئازادی چ لە ئاستی تاک یان لە ئاستی دەسەلات، مەبەستی سەرەکی ماف و داواکارییەکانی هاوولاتیان لە هەرێمی کوردستاندا بەلاڕێدا دەبات.

**چوارەم_ هۆکارەکانی پێشێلکردنی مافەکانی مرۆڤ**

بەگشتی هۆکارەکانی پێشێلکردنی مافەکانی مرۆڤ جۆراوجۆرن. بارودۆخی کۆمەلایەتی، ئابووری، کولتووری، سیاسی و یاسایی کۆمەڵگە ڕۆڵ و کاریگەرییان هەیە لەسەر دیاریکردنی ئەو هۆکارانە. لە هەرێمی کوردستاندا هەریەک لەم بارودۆخانە بوونەتە هەوێنی دروستبوونی ڕەوشێک کە تیایدا مافەکانی مرۆڤ پێشێلدەکرێن. بە گەڕانەوە بۆ بۆچوونەکانی نموونەی توێژینەوەکە هۆکارەکانی پێشێلکردنی مافەکانی

مرۆڤ لە هەرێمی کوردستاندا جۆراوجۆرن. لە هەر وڵاتێکدا پابەندبوون بە یاسا، دەستەبەری سەروەریی یاسا دەکات. لە هەرێمی کوردستاندا سەرەڕای بوونی چەندین یاسای نوێ کە بە ئامانجی پاراستنی مافەکانی مرۆڤ دانراون، کەچی پابەندنەبوون بە یاساکان بۆتە هۆکاری پێشێلکاری و بێڕێزیکردن بەرانبەر بە شکۆی مرۆڤ.

دادوەر (م. ر) پێیوایە [***چاودێری پەرلەمان لاوازە لەسەر ڕۆڵی حکومەت، وەزارەتی ناوخۆ و لایەنەکانی جێبەجێکاری یاساکان کە ڕاستەوخۆ مامەڵە لەگەڵ مافەکانی مرۆڤدا دەکەن و بەشێکن لە حکومەت، بەپێی پێویست پابەندی یاساکان نین***]، لە لایەکی تر پارێزەر ( ئـ . هـ) دەڵێت: [***لە هەر وڵاتێکدا دەسەڵاتی دادوەری سەربەخۆ و گەورەتر نەبێت لە دەسەڵاتەکانی یاسادانان و جێبەجێکردن، مەحاڵە مافی مرۆڤ پارێزراو بێت و دیموکراسیش سەربگرێت***]. ئەم بۆچوونە سستی و بێهێزی دەسەڵاتی دادوەری بەسەر دەسەڵاتی جێبەجێکاریدا بە هۆکاری پێشێلکردنی مافەکانی مرۆڤ و نەبوونی سەروەریی یاسا دادەنێت. کاتێک مافەکانی مرۆڤ لە ئاستە باڵاکانی کۆمەڵگەدا پێشێلدەکرێن، بۆی هەیە کاریگەرییەکانی زیاتر بەدەربکەوێت، بەتایبەتیش لەوەی پەیوەستە بە چوارچێوە یاساییەکە، چونکە هەمیشە هاووڵاتییان یاسا بە پارێزەری مافەکانیان دەزانن و لە کاتی پێویستدا پەنای بۆ دەبەن. پارێزەر ( ئـ . ئـ) سەبارەت بە سەروەرنەبوونی یاسا وەک هۆکارێک بۆ پێشێلکاری مافەکانی مرۆڤ، دەڵێت: [***لە کوردستاندا ویستێکی سیاسی نییە بۆ سەروەریی یاسا و حزبەکان نەیانویستووە یاسا سەروەر بێت، بە دەیان سکاڵا لە دادگاکان هەیە لەسەر بەرپرسەکان، بەڵام ناتوانرێت بەدواداچوونی بۆ بکرێت، بۆ من نەتوانم لێپرسینەوە لە وەزیرێک بکەم؟***]. ئەم پارێزەرە پێمان دەڵێت دەسەڵاتی سیاسی لە هەرێمی کوردستاندا لە سەرووی دەسەڵاتی دادوەری و یاساییە.

باروودۆخی سیاسی کاردانەوەی ڕاستەوخۆی لەسەر ڕەوشی مافەکانی مرۆڤ دەبێت. لەم بارەیەوە پسپۆڕی یاسایی ( ئـ . ع) دەڵێت: [هەموو سیستەمێکی نادیموکراسی بەدڵنیاییەوە پێشێلکاری مافەکانی مرۆڤی تێدا ڕوودەدات. لە کوردستاندا نەتوانراوە حکومەتێکی مەدەنی دیموکراسی دروستبکرێت، هەوڵی دەسەڵاتداران بۆ دەستبەسەرداگرتنی سەرچاوەی داهات و هێز، حکومەتی دوچاری گەندەڵی کارگێڕی، دارایی و ئاکاری کردۆتەوە]، لە لایەکی تر پسپۆڕی یاسایی (م. ح) ئاماژە بەوەدەدات [سیستەمی فەرمانڕەوایی هەرێمی کوردستان و کلتووری ژێردەستەیی بە درێژایی مێژوو، بە بۆماوە، بە ئاگایی و بەبێ ئاگا، پیادەی چەوسانەوە و پێشێلکاری دەکات] هەروەها پسپۆڕی یاسایی (ک. س) پێیوایە [دەسەڵاتی سیاسی لە هەرێمی کوردستاندا لەبری یاسا بە لۆژیکی هێز فەرمانڕەوایەتی دەکات، هێزەکەش ویستێکی ڕۆشنبیر و هۆشیاری لەگەڵدا نییە، بۆیە مافەکان پێشێلدەکرێن]. ئەم تێڕوانینانە دەسەڵات و سیاسەتی فەرمانڕەوایەتیکردنی حکومەتی هەرێمی کوردستان دەبەستنەوە بە بەکارهێنانی هێز لە پێشێلکاری مافەکانی مرۆڤدا، ئەمەش یەک ناگرێتەوە لەگەڵ بوونی سیستەمی دیموکراسی و کۆمەڵگەی مەدەنی. چالاکوان (ع. خ) دەڵێت: [حزب و دەسەڵات لە هەرێمی کوردستاندا وەک زۆرێک لە دەسەڵاتە ڕۆژهەڵاتی و دواکەوتووەکان، ئەوەندەی ململانێیان لەسەر مانەوەیە، ئەوەندە لەسەر پاراستنی مافەکانی مرۆڤ و خۆشگوزەرانی هاووڵاتییاندا نییە، لە حاڵەتی نەبوونی دەوڵەتی هاونیشتیمانیشدا ئەو پێشێلکارییانە بەرچاوترن]. ئەم بۆچوونە پێمان دەڵێت دەسەڵاتی سیاسی حزبەکان لە هەوڵی پاراستنی بەرژەوەندییە تایبەتییەکانی خۆیانن، ئەم جۆرە سیاسەتە ئەگەر تەنها لە چوارچێوەی حزبی سیاسیدا بێت، خەسڵەتیکی حزبییە لە پێناو مانەوەدا، بەڵام کێشەکە ئەوەیە دەسەڵات نەیتوانیوە سیاسەتی حزب جیابکاتەوە لە سیاسەتی حکومەت و فەرمانڕەوایی، بۆیە دەشێت ئەمە هۆکاری گرنگینەدان بێت بە مافەکانی هاووڵاتییان، لە لایەکی تر بەستنەوەی دەستەبەربوونی مافەکانی

مرۆڤ بە بوونی دەوڵەتەوە، پێمان دەڵێت، مرۆڤ لە نیشتیمانی بێ دەوڵەتدا، زیاتر مافەکانی پێشێلدەکرێت.

هەروەک لۆک پێمان دەڵێت سەروەری یاسا یەکسانی بۆ هەموان دەستەبەردەکات کە لە بنەمادا جەختی لەوەکردۆتەوە یاسا ڕێکخەری پەیوەندییەکانی نێوان هاووڵاتیان و دەسەڵاتی فەرمانڕەوایە، بە لەبەرچاوگرتنی ئەوەی کە دەسەڵات ئەنجامی ڕێککەوتنی هاوبەشی نێوان هەردوو لایەنە. لە هەرێمی کوردستاندا سەروەریی یاسا تەنها گوتاری سیاسی و فەرمانڕەواییە، چونکە بەتەواوی پابەندی یاساکان نین، ئەوەندەی هێز بۆ یەکلاکردنەوەی کێشەکان بەکاردەهێنرێت، ئەوەندە پەنا بۆ یاساکان نابردرێت. کەواتە یاسا نەیتوانیوە ئەو ڕۆڵە کارایە ببینێت لە ڕێکخستنی پەیوەندییەکانی نێوان هاووڵاتیان و حکومەت، بەمەش یاساکان ناتوانن پارێزەری تەواوی مافەکانی مرۆڤ بن.

**پێنجەم_ سەربەخۆیی دەسەڵاتی دادوەری**

یەکێک لە بنەما دەستوورییەکان لە هەر وڵاتێکدا بریتییە لە سەربەخۆیی دەسەڵاتی دادوەری و جیاکردنەوەی لە هەردوو دەسەڵاتی یاسادانان و جێبەجێکردن. هەرچەندە لە ماددەکانی (88 ,87)ی دەستووری عێراقی (2005) هاتووە کە دەسەڵاتی دادوەری سەربەخۆیە و دادگاکان بەڕێوەی دەبەن و بڕیارەکانیان بەگوێرەی یاسا دەردەکەن و نابێت هیچ دەسەڵاتێک دەستبخاتە دادگا و کاروباری دادوەرییەوە، بەڵام لەم بۆچوونانەی سەرەوە هاتووە کە دەسەڵاتی سیاسی دەستی لە کاروباری دادوەری وەرداوە و دادوەر لە ڕێگای حزبییەوە دادەمەزرێت، لە کاتێکدا لە مادده (82) بڕگە (2)ی ڕەشنووسی دەستووری هەرێم

(2009) جەختکـراوەتەوە لەسـەر قەدەغەکردنـی چـوونە نێـو حـزب یـان ڕێکخراوی سیاسـی لە لایەن دادوەر و داواکاری گشـتییەوە. سـەبارەت بە دادوەران و دەسەڵاتی دادوەری دوو بۆچوون هەیە یان دەبێت دادوەر لە کـاتی ڕۆڵبینـین سـەربەخۆ بێـت، یـان دەبێـت دەسـەڵاتەکە لە دەسـەڵاتی سیاسی سەربەخۆ بێت. واتە بە هەر شێوەیەک بێت دەستتێوەردانی حزبی لە نێو دادوەری ڕێگەپێدراو نییە، تا دادوەر بتوانێت بێ لایەنانە بڕیارەکانی بـدات. لە یاسـای ژمـارە (23)ی سـاڵی (2007)ی دەسـەڵاتی دادوەری لە هەرێمـی کوردسـتاندا جەخـت لەسـەر هەردوو بۆچـوونی سـەرەوە دەکرێتەوە کە لە ماددەی (2)دا باس لە سەربەخۆیی دادوەری و نەبوونی هـیچ دەسـەڵاتێک بەسـەرییەوە دەکـات، جـگە لە یاسـا، لە لایەکـی تـر لە ماددەی (35)ی تایبەت بە مەرجەکانی دامەزراندنی دادوەران لە بڕگە (1-9)دا هاتووە کە دەبێت دادوەر بەڵێن بدات دوای دامەزراندنی کاری حزبی نەکات هەروەها ماددە (52) بڕگەی (2) کارکردنی دادوەر لە کاری حزبی و خۆپاڵاوتن بۆ پێگەی سیاسی قەدەغە دەکات، سەرەڕای ئەوەی لە ساڵی (2011)ەوە پەیمانگـای دادوەری لە هەرێـم دامەزراوە بـۆ پێگەیانـدنی دادوەران کە لەبـری ئەوەی بە دامەزرانـدن دابنـرێن لە ڕێگـای پێگەیانـدنی ئەکادیمییەوە دیاریدەکرێن.

گومانکردن لە سەربەخۆیی دەسەڵاتی دادوەری بۆتە هۆکاری ئەوەی تەواوی یەکەکانی نموونەی ئەم توێژینەوەیە لە یەک بۆچووندا هـاوبەش بـن کە بـریتییە لە: "ناسـەربەخۆیی دەسـەڵاتی دادوەری". بەشـێک لە یەکەکـانی نمـوونەکە پێیـانوایە بـوونی دەسـتتێوەردانی حزبـی وایکـردووە دەسـەڵاتی دادوەری سـەربەخۆبوونی خـۆی لەدەسـتبدات و لە هەنـدێک هەڵوێستی یاساییدا ڕۆڵی بەسستی بێتە بەرچاو، لەم بارەیەوە پسپۆڕی یاسـایی (س. د) دەڵێـت: [***لە هەمـوو عێـراق و هەرێمـی کوردسـتانیش، بەگشتی جومگەکانی دەسەڵات سیاسییەکان بەڕێوەی دەبەن، لەبەرئەوە دادوەری و دەسەڵاتەکانی تریش سەربەخۆ نین***]، لە لایەکی تر پارێزەر

(ف. ق) پێیوایە [ ***سەد لە سەد سەربەخۆ نییە، چونکە هەردوو حزبی دەسەڵاتدار ئەندام و کادیرانی خۆیان کردووە بە دادوەر***]. چالاکوان (د. ص) دەڵێت: [ ***کاتێک حزب کەسێک دەکاتە دادوەر ئەو کاتە ناتوانێت لە بڕیارەکانی دەربچێت، دادوەرەکان تێنەگەیشتوون لەوەی وەک تاک مافی ئینتیمای حزبییان هەیە، بەڵام وەک دەستە دەسەڵاتەکە و ڕۆڵبینینی دادوەر تیایدا، دەبێت سەربەخۆ بێت. نەتوانراوە حزب و دەسەڵاتی سیاسی لە دامەزراوەی یاسایی جیابکرێتەوە***]. ئەم بۆچوونانە پێمان دەڵێن دادوەرە حزبییەکان ڕۆڵ و پێگەی یاساییان بۆ کاری حزبی بەکاردەهێنن، ئەگەرچی بەپێی مادده (52) بڕگەی (1-1) لە یاسای دەسەڵاتی دادوەری ناوبراودا هاتووە، کە ئەرکی دادوەرە شکۆمەندی دادوەری بپارێزێت بە پاراستنی بێ لایەنی و دەستپاکی و دوورکەوتنەوە لە هەموو ئەوانەی گومان دەخەنە ڕاستییەکەی.

بە پێچەوانەی ئەم بۆچوونانەی سەرەوە دادوەر (م. ر) ئاماژە بۆ ئەوەدەکات [دەستتێوەردان و کاریگەرییەکان لە دەسەڵاتی دادوەری کەمترە بە بەراوورد بە دەسەڵاتەکانی تر، چونکە چەند قۆناغێکی هەیە ئەگەر لە قۆناغێک دەستی لە بڕیارێکی دادگا وەردرا، ئەوە لە دادگایەکی بەرزتر تەمیز دەکرێتەوە و لەوانەیە لەوێدا دەستتێوەردان ڕوونەدات، ئەمەش ڕێژەییە و لە شوێنێک بۆ شوێنێکی تر دەگۆڕێت]. ئەم بۆچوونە ئەو ئاماژەیە ڕووندەکاتەوە کە دەسەڵاتی دادوەری زیاتر بواری سەربەخۆیی هەیە بە بەراوورد بە دەسەڵاتی جێبەجێکردن، چونکە هەروەک لە یاسای ناوبراودا ماددەی (5) دەسەڵاتی داوە بە دادگاکان بەسەر هەموو کەسێکی سروشتی و مەعنەوی بە حکومەتیشەوە، زیاتر لەمەش ئەم سەربەخۆییە پەیوەندی بە خودی دادوەرەوە هەیە لە کاتی پێداچوونەوە بە بڕیارێک کە تا چەند دەتوانێت بێ لایەنی خۆی بپارێزێت. لەم بارەیەوە پارێزەر ( ئـ . ر) پێیوایە [ دادوەر زۆر سەربەخۆیە، بەڵام ئایا دەکەوێتە ژێر فشار یان نا؟ ئەمە پەیوەندی بە کەسایەتی دادوەرەوە

هەیە. هێز نییە لە کوردستان هیچ بڕیارێک لەسەر دادوەرێک بسەپێنێت ئەگەر خۆی خاوەنی ویستێکی بەهێز بێت و بیر لە بەرژەوەندییەکانی خۆی و پێگەی باشتر نەکاتەوە]. ئەم بۆچوونە ئەگەری کەوتنە ژێر کاریگەری دادوەران بۆ ویست و دەسەڵاتی تر دەخاتەڕوو، بەتایبەتیش کاتێک بابەتی ناوبانگ و پێگەی پیشەیی بەرز بەکاردەهێنرێن بە مەبەستی بەدەستهێنانی پشتگیری و لایەنگیری دادوەران بۆ هەندێک کەیسی تایبەت.

دادوەر ( ئـ . م) دەڵێت: [ وەک ئەنجومەن و دەسەڵاتی دادوەری لە خۆمان ڕازی نین، بەڵام کاتێک ڕەخنە لە دادگا و دادوەری دەگیرێت، ڕەخنەکە لۆژیکی نییە، چونکە دادوەر تەنها بڕیار دەردەکات، بەڵام بڕیارەکان بە تەواوی و دروستی جێبەجێناکرێن. شێوازی جێبەجێکردنی بڕیاری دەستبەسەرکردنی کەسێک لە نیوەشەودا یان لێدانی تۆمەتبار لە ناو خەڵک، ئەمە پێشێلکردنی شکۆی مرۆڤ و جێبەجێکردنی یاسایەکە، نەک دەرچوونی بڕیارێک]. ئەم دادوەرە پێیوایە دەسەڵاتی جێبەجێکردن تەواوکەری دەسەڵاتی داوەرییە، هەر ناتەواوییەک لە جێبەجێکردنی بڕیارێکی دادگا، ڕەنگدانەوەی نەرێنی و ڕاستەوخۆی دەبێت لەسەر بابەتی سەروەریی یاسا و سەربەخۆیی دادوەری. سەبارەت بە ڕۆڵی دادگاکان و ئاستی دەستتێوەردانی دەسەڵاتەکانی تر تیایاندا، پەرلەمانتار (ف. س) دەڵێت: [ دەستتێوەردانی حکومەت لە نێو کاری دادوەری هەیە و سنووری خۆیان نەزانیوە و زۆرجاریش دادگا خۆی لاواز پیشانداوە و ڕێگای بە دەستتێوەردان داوە]. لە کاتێکدا بەپێی یاسا و دەستوور جەخت لەسەر جیاکردنەوەی هەرسێ دەسەڵاتی یاسادانان، جێبەجێکردن و دادوەری کراوەتەوە، بەڵام بە بۆچوونی ئەم پەرلەمانتارە حکومەتی هەرێم پابەندی یاسا نییە و سنووری دەسەڵاتی خۆی تێپەڕاندووە بە دەستتێوەردان لە کاروباری دادوەری. کاتێک هاووڵاتییان متمانە بە دادگاکان دەبەخشن، دەبێت لە بەرانبەردا دادگاکان لە ئاستی ئەو متمانەیەدا بن و نهێنی و تایبەتمەندییەکانی ژیانی کەسەکان لە کاتی

لێکـۆڵینەوە بپـاریزن، پابەنـدبوون بەم ئەرکەش هەر تەنهـا لە ئەسـتۆی پـاریزەر و دادوەرەکـان نیـیە، بەڵکـو ئەو کەس و لایەنـانەش کە بڕیـارە یاساییەکان جێبەجێدەکەن لێی بەرپرسیارن، لەم بارەیەوە چالاکوان خاتوو (ش. م) دەڵێت [دەزگـای دادوەریمـان زۆر لاوازە و نهێنـی پـاریز نـین، بە ئاسانی خەڵک دەتوانن فایلەکان بەدەستبهێنن، پۆلیس کارەکانیان بۆ ڕایی دەکات، نەک ئەندامانی کۆنترۆڵی دادوەری]. لە ماددەی (52) بڕگەی (1-2)ی یاسـای دەسـەڵاتی دادوەری لە هەرێمـی کوردسـتاندا هـاتووە کە ئەرکـی دادوەرە نهێنـی ئەو کاروبـار و زانیـاری و بەڵگەنامـانەی کە لە کارەکەی دەستیدەکەویت بپارێزێت کە پەیوەستن بە دەزگاکانی هەرێم و کەسـایەتییەکان. ئەم چـالاکوانە پێیـوایە فەرمـانبەرانی دادوەری زیـاتر لە فەرمـانبەرانی جێبەجێکـاری لە گرنگـی نهێنـی پـاریزی تێـدەگەن، بـۆیە نەتوانراوە پارێزراوی زانیاری و نهێنییەکانی لێکۆڵینەوە و بەدواداچوونی کەیسـەکان دەسـتەبەربکرێت لە لایەن دەزگـا جێبەجێکارییەکـان، ئەمەش دواجـار بە زیـانی کەیسـەکان و ناوبـانگی دەسـەڵاتی دادوەری کۆتـایی هاتووە.

ئەم ئەنجامـانە ئەوە دەردەخەن هەرچەنـدە لە هەرێمـی کوردسـتاندا بەپێی دەستوور و یاسا دەسەڵاتەکان لەیەکتری جیاوازن و ئەرکی جیاواز و تـایبەتی خۆیـان هەیە، ویـڕای تەواوکـاریی نێوانیـان، تەنـانەت لـۆکیش ئامـاژە بە پێویسـتی سـنووورداری پەیوەنـدییەکانی نێـوان دەسـەڵاتەکان دەکـات، بەڵام ڕەوشـی کـارکردنی هەرسـێ دەسـەڵاتی یاسـادانان، جێبەجێکـردن و دادوەری لە هەرێمـی کوردسـتاندا ئامـاژە بە تـێکەڵاوی و دەسـتتێوەردانی نێوانیـان دەکەن، ئەمەش کەم تـا زۆر کـاریگەریی نەرێنـی دروستکردووە لەسەر ڕەوشی مافەکانی مرۆڤ و گومانی لە سـەربەخۆیی دەسەڵاتی دادوەری دروستکردووە، ناسـەبەخۆیی دادوەریش پێشـێلکردنی مافەکانی مرۆڤی زیاترکردووە.

**ئەنجامەکان:**

دوای خستنەڕووی زانیارییەکانی تویژینەوەکە و شیکردنەوەیان، دەکرێت کۆی گشتی ئەنجامەکان بەپێی پرسیارەکانی تویژینەوەکە لەم خاڵانەی خوارەوەدا کۆبکەینەوە:

١. ئەو یاسایانەی کە لە هەرێمی کوردستاندا کاریان پێدەکرێت، لە قۆناغی جێبەجێکردندا بوونەتە هۆکاری پێشێلکردنی مافەکانی مرۆڤ، چونکە بەپێی پێویست وەک خۆیان جێبەجێ ناکرێن. ناڕوونی و نادیاری ڕێوشوێنەکانی جێبەجێکردنی یاساکان و پشتنەبەستن بە یاسا هەموارکراوەکان و سووککردنی سزا گەورەکان بەهۆی دەستتێوەردانی حزبییەوە لە هەندێک کەیسی تایبەتدا هۆکارگەلێکن لە پێشێلکردنی مافەکانی مرۆڤ. ئەم ئەنجامە نزیکمان دەخاتەوە لە ئەنجامی تویژینەوەکەی (خلفة، 2010) کە پێیوایە بوونی دەستوور و یاساکان تاکە دەستەبەری مافەکانی مرۆڤ نین، بەڵکو پێویستە ڕێوشوێنە یاساییەکان لەخۆبگرن بەمەبەستی جێبەجێکردنیان و پاراستنی مافەکانی مرۆڤ.

٢. زۆرترین جۆری ئەو مافانەی پێشێلدەکرێن بریتین لە پێشێلکاری یاسایی بەرانبەر بە مافی تۆمەتباران لە قۆناغەکانی دەستگیرکردن، لێکۆڵینەوە و زینددانیکردن، تا ئێستاش سزادان تاکە ئامرازی دانپێدانانە لە دەزگاکانی ئاسایشی هەرێمی کوردستان. مافی پێکهاتە ئاینی و نەتەوەییەکانی تر بەپێی پێویست و بە یاسا دەستەبەر نییە. لە بواری ئابووری و کۆمەڵایەتیدا، ئافرەتان زۆرترین پێشێلکارییان بەرانبەر ئەنجامدەدرێت.

٣. مافی ئازادی ڕادەربڕین لە بوارەکانی کاری ڕۆژنامەگەری، بەدەستهێنانی مافی زانیاری و خۆپیشاندان ڕێگرییان لێدەکرێت،

ویـڕای ئەوەی تێنەگەیشـتن لە چەمکـی ئـازادی هۆکـارێکی تـرە لە پێشێلکردنی ئەم مافە لە نێوان هاوولاتییاندا.

٤. لە دیـارترین هۆکارەکـانی پێشـێلکردنی مافەکـانی مـرۆڤ بەپێـی ئەنجامەکـانی تـوێژینەوەکە نەبـوونی سـەروەریی یاسـا و بالادەسـتی دەسەلاتی سیاسییە بەسەر دەسەلاتی دادوەری و یاسایی، سەرەڕای نەبـوونی حکـومەتێکی مەدەنـی و دیموکراسـی هەروەهـا بـوونی تێکەلاوی لە نێوان سیاسەتی حزب و حکومەت. ئەم ئەنجامە نزیکە لە بەشـێک لە ئەنجامەکـانی تـوێژینەوەکەی (AL- Amiri,2011) کە ئامـاژە بـۆ ئەوەدەکـات بەتەنهـا بـوونی دەسـتوور و یاسـاکان دەسـتەبەری پاراسـتنی مـاف و ئازادییەکـانی مـرۆڤ نـاکەن ئەگەر کۆمەڵگەیەکی ئازاد و سیستەمێکی ئازاد نەبێت، کە تیایدا دەسەلاتی فەرمانڕەوایەتی ملکەچ و پابەندی یاسا بێت.

٥. ناسەربەخۆیی دەسەلاتی دادوەری یەکێکە لە پێشلکارییە یاساییەکانی مافەکانی مرۆڤ، هەرچەندە بە ماددە و بڕگەی تایبەت لە دەستووری عێراقـی و لە یاسـای ژمـارە (23)ی سـاڵی (2007)ی دەسـەلاتی دادوەری لە هەرێمـی کوردسـتاندا جەخـت لەسـەر بێلایەنـی و سـەربەخۆیی دەسـەلاتەکە کـراوەتەوە، بەلام ڕەوشـی سیاسـی و دەسـتتێوەردانی حزبـی و هەژمـوونی دەسـەلاتی جێبەجێکـردن بەسـەریدا لە دەسـەلاتەکانی کەمکردۆتەوە. سنووری جیاکردنەوەی دەسەلاتەکان تەنها بە یاسا دیاریکراوە، لە واقیعی کرداریدا ناڕوونی و تـێکەلاوی لەنێوانیانـدا هەیە. دادگاکـان جێگـای دڵنیـایی و متمـانەی پاراستنی مافەکانی هاوولاتییان نین.

## دەرئەنجامەکانی توێژینەوەکە

ئەنجامی چاوپێکەوتنەکان ئەو دەرئەنجامەی بۆ دەرخستووین کە یاساکان لە هەرێمی کوردستاندا وەک خۆیان جێبەجێ ناکرێن، ئەمەش بۆخۆی جۆرێکە لە پێشێلکاری مافەکانی مرۆڤ، چونکە یاساکان دەستەبەری پاراستنی ماف و ئازادییەکان دەکەن. کەمتەرخەمی لە ئاست جێبەجێکرنی یاساکانی تایبەت بە مافەکانی مرۆڤ لە لایەن دەسەڵاتی جێبەجێکاری و نەبوونی لێپرسینەوە لە لایەن دەسەڵاتی یاسادانانەوە زیاتر پاڵپشتن بۆ خراپتربوونی ڕەوشی یاسایی مافەکانی مرۆڤ. ئەم ڕەوشە یاساییەی مافەکانی مرۆڤ ئاماژەیەکە بۆئەوەی کە لە هەرێمی کوردستاندا نەتوانراوە پارێزگاری لە بنەمای جیاکردنەوەی نێوان دەسەڵاتەکان بکرێت.

نکۆڵی لەو ڕاستییە ناکرێت کە هەرێمی کوردستان بە دەرکردنی کۆمەڵێک یاسای نوێ، پاراستنی مافەکانی زۆرێک لە چین و توێژەکانی کۆمەڵگەی دەستەبەرکردووە، بەڵام لەلایەک کەمتەرخەمی لە جێبەجێکردنی یاساکان، لەلایەکی تر پاشخانی کۆمەڵایەتی و کلتووریی کۆمەڵگەی کوردستانی بوونەتە هۆکاری ئەوەی بەشێک لە توێژ و پێکهاتە نەتەوەیی و ئاینییەکانی تر ڕەخنە لە یاسا و دەسەڵاتە یاسایی و جێبەجێکارییەکان بگرن سەبارەت بە دابین نەکردنی مافەکانیان لە ژیانی کۆمەڵایەتی و لە چوارچێوەی یاساییدا.

هۆکارەکانی پێشێلکردنی مافەکانی مرۆڤ لە هەرێمی کوردستاندا بە پلەی یەکەم دەگەڕێتەوە بۆ نەبوونی سەروەریی یاسا و ناسەربەخۆیی دەسەڵاتی دادوەری، ئەمەش دواجار ڕێزنەگرتن و پێشێلکردنی ماف و ئازادییەکانی هاوولاتییانی بەدوای خۆیدا هێناوە، وێڕای ئەوەی ڕێزگرتن لە مافەکانی مرۆڤ نەبۆتە بەشێک لە سیاسەتی فەرمانڕەوایەتیکردن لە هەرێمی کوردستاندا. دەستتێوەردانی حزبی لە دەسەڵاتی دادوەری و

دامەزراوە یاساییەکانی تر، وایکردووە زۆربەی جار بڕیارەکانی دادگا لە بەرژەوەندی هەندێک کەیسی تایبەت و بە زیانی هەندێکی تر کۆتاییان پێبێت.

## ڕاسپاردەکان:

١. پێویستە پێداچوونەوە بەو یاسایانەی پێویستییان بە گۆڕین یان هەموارکردنەوە هەیە، بکرێت. ئەمەش لەپێناو باشترکردنی ڕەوشی مافەکانی مرۆڤ. لەبەرچاوگرتنی ڕەهەندە ئایندەییەکان لە دەرکردنی هەر یاسایەکی نوێ بۆ دوورکەوتنەوە لە هەڵە و کەموکورتی لەنێو دەقی یاساکە.

٢. جەختکردنەوە و ڕوونکردنەوەی زیاتری ڕێوشوێنەکانی جێبەجێکردنی یاساکان بۆئەوەی بە تەواوی و وەک خۆیان بەکاربهێنرێن.

٣. بە مەبەستی پابەندبوون بە سەروەریی یاسا و دەسەڵاتی دامەزراوەیی لە هەرێمی کوردستاندا، پێویستە دەسەڵاتەکانی یاسادانان، جێبەجێکردن و دەسەڵاتی سیاسی ڕێز لە یاسا بگرن و دەست نەخەنە نێو کاروبارەکانی دەسەڵاتی دادوەرییەوە.

٤. پێویستە دەسەڵاتی دادوەری پێداگیری لەسەر سەربەخۆبوونی زیاتر و بێلایەنی شێوازی کارکردنی خۆی بکات بۆ هێنانەدی سەروەریی یاسا و جێبەجێکردنی بڕیارە یاساییەکان بەبێ هیچ جۆرە دەستتێوەردانێکی دەرەکی و حزبی.

٥. پێویستە دامەزراوە جێبەجێکارییەکان پابەندی یاسا و بڕیارەکانی دادگا بن و هەڵسوکەوتی مرۆڤانە لەگەڵ ئەو کەسانە بەکاربهێنن کە تۆمەتێکیان خراوەتەپاڵ یان تاوانبارن.

## پەراوێز:

١. ئۆفیسی کۆمسیۆنی باڵای مافی مرۆڤ-عێراق لە بەغدادە، بەڵام ئەندامێکی ئەو کۆمسیۆنە لە کاتی ئەنجامدانی چاوپێکەوتن لەگەڵی وەک نموونەی توێژینەوەکە لە شاری هەولێر نیشتەجێ بوو.

## سەرچاوەکان:


- الامين، بن سليمان محمد و جيلالي، بن الشيخ (2017) ***الضمانات الدستورية و آليات حماية حقوق الانسان***، الاسكندرية: مكتبة الوفاء القانونية.

- ***پرۆژەی دەستووری هەرێمی کوردستان_ عێراق*** 2009، پەرلەمانی کوردستان_ عێراق.

- الجازي، هايل (2017) تعريف قانون: اللغة و المصطلح، ماخوذ من شبكة الانترنت في: [7شباط ] 2018

- https://mawdoo3.com/%D8%AA%D8%B9%D8%B1%D9%8A%D9%81_%D8%A7%D9%84%D9%82%D8%A7%D9%86%D9%88%D9%86_%D9%84%D8%BA%D8%A9_%D9%88%D8%A7%D8%B5%D8%B7%D9%84%D8%A7%D8%AD%D8%A7%D9%8B

- ***جاڕی جیهانی مافی مرۆڤ*** (2006) حکومەتی هەرێمی کوردستان، وەزارەتی مافی مرۆڤ: چاپخانەی کاروان.

- جەهانبەگلوو، ڕامین (2009) ***دەسەڵات و ئازادی***، و: جەماڵی، عەتا، هەولێر: چاپخانەی هاوسەر.

- الحسن، احسان محمد و الحسني، عبدالمنعم (1982) ***طرق بحث الاجتماعي***، جامعة الموصل: دار الكتب للطباعة و النشر.

- خلفة، نادية (2010) ***آليات حماية حقوق الانسان في المنظومة القانونية الجزائرية- دراسة بعض الحقوق السياسية***، اطروحة دكتوراه، منشورة، الجزائر: جامعة الحاج لخضر.

- خليفة، عبدالكريم عوض (2013) ***القانون الدولي لحقوق الانسان***، الاسكندرية: دار الجامعة الجديدة.

- ***دستور جمهورية العراق*** ٢٠٠٥، بغداد: مجلس النواب العراقي.

- ***ڕەوشی ئازادی ڕادەربڕین لە هەرێمی كوردستان***، ڕاپۆرتی ڕێكخراوی ئاشتی و ئازادی 2017 (2) هەولێر: چاپخانەی ئازادی.

- ***ڕەوشی مافەكانی مرۆڤ لە هەرێمی كوردستان***، ڕاپۆرتی دەستەی سەربەخۆی مافی مرۆڤ (2015,2016 ).

العدساني، هبة (2017) ***تحليل بيانات البحث النوعي: كيف أحلل بياناتي؟ أين أبدء؟*** ص.1. مأخوذ من شبكة الإنترنت[15 : شباط 2018 ] http://www.educad.me/82402

- العزاوي، سالم جاسم محمد (2017) ***البحث الكيفي في العلاقات العامة***- دراسة تحليلية، جامعة بغداد.

- قرقور، نبيل (2010) ***حقوق الانسان بين المفهوم الغربي و الإسلامي***، الأزاريطة: دار الجامعة الجديدة.

- لۆك، جۆن (2011) ***نامەیەك لەبارەی لێبووردەییەوە***، و: عەلی، عەبدولڕەزاق، هەولێر: دەزگای چاپ و بڵاوكردنەوەی ئاراس.

- مونتسـكيو(١٩٥٣) ***روح الشـرائع***، ت: زعيتـر، عـادل، القـاهره: اللجـنه الدوليه لترجمه الروائع ألإنسانيه (الاونسكو).

- ***یاسای دەسەڵاتی دادوەری لە هەرێمی کوردستان_عێراق*** 2007 (ژ. 23) هەولێر: ئەنجومەنی نیشتیمانی کوردستان_ عێراق. لەم تۆڕەی ئینتەرنێت وەگیراوە لە: [20 - شوباتی 2018]:

- http://www.perlemanikurdistan.com/files/articles/110108111955.pdf

- United Nations (2016) ***پەیماننامە بنەڕەتییە نێودەوڵەتییەکانی مافەکانی مرۆڤ***، و: ئۆفیسی مافەکانی مرۆڤ-نێردەی نەتەوە یەکگرتووەکان بۆ هاوکاریکردنی عێراق.

- AL-Amiri, Abbas Abdul Amir Ibrahim (2011) ***PROTECTING HUMAN RIGHTS IN INTERNATIONAL LAW-COMPARATIV LEGAL STUDY***, PH.D., S.L.: St Clements University.

- AL-Aqaileh, Zaid (N.D.) ***TERMINOLOGY OF LAW***, عمان:دار الثقافة للنشر

- Dun fee, Thomas W., Smith, N. Craig Ross and Ross Jr. William T. (1999) ***Social Contracts and Marketing Ethics***, Journal of Marketing, 63 (3): 14, 33.

- Locke, John (1967) ***Tow Treatises of Government***, ed.: Peter, also H., S.L.: Cambridge University press.

- LOCK, JOHN (1977) ***THE SECOND TRETISE OF GOVERNMENT***, ED.: PEARDON, THOMAS P., S.L.: THE LIBRARY OF LIBERAL ARTS.

- MARSHALL, GORDON (1998) ***A Dictionary of Sociology*** (2nd ed.), New York: OXFORD UNIVERSITY PRESS.

- Singh, K(2007) ***Quantitative Social Research Methods***: SAGE publishing. Available from: Stephanie G.(2015) ***Expert Sampling/Judgment Sampling Statistics How To***, https//www.statisticshoeto.datasciencecentral.com. [Accessed: 19th June 2019].

- ***Submission the UN Universal periodic Review Eighth session of the UPR working Group of the Human Rights council*** (2014 ) UPR, IRAQ- Kurdistan Region.

- ***UNITED NATION HUMAN RIGHTS*** (2014 ) UNAMI, Erbil: Human Rights office.

- Welch, Shay (2012) ***A theory of freedom: feminism and the social contract***, New York: Palgrave Macmillan.

## پاشکۆ(پرسیارەکانی چاوپێکەوتن)

١. مافەکانی مرۆڤ بەو شێوەیەی کە لە یاسا بەکارهاتووەکانی هەرێمی کوردستاندا پارێزراون، چۆن بە کردار جێبەجێدەکرێن؟ بە نموونە یاسایەک بخەرەڕوو کە کەموکورتی لە جێبەجێکردنی هەبێت.

٢. چ جۆرە مافێکی هاوولاتییان زیاتر پێشێلدەکرێت؟

٣. چۆن و چ جۆرە ئازادییەک زیاتر ڕێگری لە پیادەکردنی دەکرێت؟

٤. هۆکارەکانی پێشێلکاری مافەکانی مرۆڤ لە هەرێمی کوردستاندا بۆچی دەگەڕێننەوە؟

٥. دەسەلاتی دادوەری لە هەرێمی کوردستاندا سەربەخۆیە؟ مەرجەکانی سەربەخۆبوونی ئەم دەسەلاتە چین؟

**ملخص:**

للقانون دور مهم في حماية حقوق الانسان، لذلك خصصت هذه البحث لتلك الموضوع بقصد توضيح الواقع القانوني لحقوق الانسان في اقليم كوردستان بالاعتماد على رؤيا جون لوك حول القانون في نظرية العقد الاجتماعي. هذه البحث تبحث عن توضيح الاهداف و التي تتضمن بشكل عام في: كيفية تطبيق القوانين النافذة في اقليم كوردستان و التزام بحماية الحقوق الاساسية للمواطنين، بشكل التي متضامنة في القوانين اقليم كوردستان. للوصول الى تلك الاهداف تم استخدام المنهج النوعي بوسائل المقابلة من نوع المقننة و التحليل الموضوعي لعرض و تحليل المعلومات باخذ (25) اشخاص المختصين و الخبراء في المجال قانون و حقوق الانسان باستخدام العينة غير العشوائية من نوع الخبير في مدينة اربيل. بشكل عام نتائج البحث تشير الى عدم حماية حقوق الانسان بسبب جملة من الاسباب و منها: عدم التزام السلطة التنفيذية بحماية حقوق الانسان اثناء تطبيق القوانين بسبب التدخل الحزبي في السلطة القضائية و دوائرها القانونية و يعود هذا بالاخير ضد حماية حقوق المواطنين بشكل عام و بالاخص ضد بعض الفئات.

**الكلمات المفتاحية**: القانون، المساواة، العدالة، حقوق الانسان، الحرية.

**Abstract**

Because the important of law in keeping human rights the this research has devoted to this subject, it also aims to explain the legal condition of human rights in Kurdistan region on the basis of social contract theory of John Locke about the role of law. This study aims to explain how existing laws in Kurdistan region are implemented and how keep a commitment to basic human rights in a way that is guaranteed in the laws. To achieve these goals quantitative method has been used(25) person who are experts in law and human rights were structured interviewed, they were drawn purposively in Erbil, the collected data was analyzed by using thematic analysis. In general the results refer to that the human rights are not preserved in Kurdistan region due to some reasons such as : executive authority doesn't comply with human right principles while laws are implemented because political intervention in judicial authority and legal institution. This in result hurts human rights in general and specifically violation take place against.

**KeyWords**: Law, Equality, Justice, Human Rights, freedom.